بەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان

PAY INSTITUTE
For Education & Development




# چاودێریی و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان

## راپۆرتی دووەم

خولی چوارەمی پەرلەمان- خولی گرێدانی ساڵی دووەم
(1 ی ئەیلولی 2014 تا 28 ی شوباتی 2015)

KPU 2007
یەکێتیی پەرلەمانتارانی کوردستان

PAY INSTITUTE
For Education & Development

# چاودێریی و هەڵسەنگاندنی
# کارەکانی پەرلەمانی کوردستان

**راپۆرتی دووەم**

**خولی چوارەمی پەرلەمان- خولی گرێدانی ساڵی دووەم**

**(١ ی ئەیلولی ٢٠١٤ تا ٢٨ ی شوباتی ٢٠١٥)**

*-ئەنستێیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان PAY رێکخراوێکی ناحکومیی کوردستانییەو لە (٢٠١٣/١/٢٨) بەفەرمی لە فەرمانگەی رێکخراوە ناحکومیەکان تۆمار کراوە و لە کانونی یەکەمی سالی ٢٠١٣ەوە دەستی بە چالاکیەکانی کردووە

*-پڕۆژەی چاودێریی پەرلەمانی کوردستان: پرۆژەیەکە لە سەرەتای خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستانەوە دەستی بە ئیشەکانی کردووە. راپۆرتی یەکەمی لە ٢٠١٤/١/٦ لەسەر ئەرکی ئەنستێتیوت ئامادە کراو چاپ و بلاوکرایەوە، ئەم راپۆرتەش بە هاوکاری (یەکێتیی پەرلەمانتارانی کوردستان) چاپکراوە.

PAY INSTITUTE
For Education & Development

PAY INSTITUTE
For Education & Development

ناونیشان : سلێمانی - شەقامی سالم -  باڵەخانەی لوارا -  نزیك پردی خەسرەو خاڵا

تەلەفون :  ٠٧٧٠١٥٦٤٥٧٦ - ٠٧٧٠١٤٦٥٧٣٣

ئێمەل :  payinstitute@gmail.com

فەیسبوك : facebook.com/Pay-Institute

مافی بڵاوکردنەوەی ئەم راپۆرتە پارێزراوە بۆ ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان - ٢٠١٥

ئینستتیوتی پەی لە ٢٦ ی تشرینی دووەمی ٢٠١٣ مۆڵەتی ژمارە (١٤٠٦) لە فەرمانگەی رێکخراوەکان وەرگرتووە

# ناوەرۆك


پێشەکی........................................................................................................................ ٥
باکگراوند........................................................................................................................ ٦
خشتەی ژمارە (١) لیست و قەوارە سیاسیەکان و کۆی دەنگەکانیان.......................................................... ٦
خشتەی ژمارە (٢) پێکهاتەی پەرلەمانی کوردستان لە رووی نەتەوایەتیەوە................................................ ٨
خشتەی ژمارە (٣) پێکهاتەی پەرلەمانی کوردستان لە رووی تێکڕای تەمەنی ئەندامانەوە.................................. ٩
خشتەی ژمارە (٤) پێکهاتەی پەرلەمانی کوردستان لە رووی رەگەزی ژن و پیاوەوە........................................ ١٠
خشتەی ژمارە (٥) پێکهاتەی پەرلەمانی کوردستان لە لایەنی ئاستی خوێندن و بڕوانامەوە................................ ١١
خشتەی ژمارە (٦) پێکهاتەی پەرلەمانی کوردستان لە رووی ئاینیەوە....................................................... ١٢
خشتەی ژمارە (٧) دابەشبوونی ژمارەی ئەندامانی پەرلەمان بەپێی پارێزگاکان............................................ ١٣
خشتەی ژمارە (٨) دابەشبوونی ژمارەی ئەندامانی پەرلەمان بەسەر پارێزگاکان بەپێی فراکسیۆنەکان..................... ١٤
کاری یاسادانان لە پەرلەمانی کوردستاندا......................................................................... ١٨
خشتەی ژمارە (٩) ئەو پرۆژانەی پێشکەش بە پەرلەمان کراون........................................................ ١٨
خشتەی ژمارە (١٠) ئەو پرۆژە یاسایانەی پێشکەش بە پەرلەمان کراون و ئاستی کارکردن لەسەریان..................... ١٩
خشتەی ژمارە (١١) ئاستی کاری پرۆژە یاساکان لە پەرلەمان........................................................ ٢٩
خشتەی ژمارە (١٢) ئاستی کاری لیژنەکان لەسەر ئەو پرۆژانەی ئاراستەیان کراوە........................................ ٣١
خشتەی ژمارە (١٣) سروشتی ژمارەی ئەندامان لە لیژنەکاندا بەپێی بڕوانامە............................................ ٣٣
خشتەی ژمارە (١٤) ئامادە بوونی ئەندامان لە کۆبوونەوەکانی لیژنەکانی پەرلەمان....................................... ٣٦
خشتەی ژمارە (١٥) بانگهێشت و میوانداری وەزیرەکان لەلایەن پەرلەمانەوە............................................ ٣٨
خشتەی ژمارە (١٦) ئامادە بوونی ئەندامان لە کۆبوونەوەکانی پەرلەمان خولی دووەمی ٢٠١٤.............................. ٤١
خشتەی ژمارە (١٧) ئامادە بوونی ئەندامان لە کۆبوونەوەکانی پەرلەمان بەپێی فراکسیۆنەکان............................. ٤٤
خشتەی ژمارە (١٨) ژمارەی کاتژمێرەکانی کۆبوونەوەکانی پەرلەمان.................................................. ٤٦
خشتەی ژمارە (١٩) ژمارەی ئەو برگانەی بەرنامەی کار کە جێبەجێکراون لە خولی دووەمی ٢٠١٤........................ ٤٨
خشتەی ژمارە (٢٠) پوختەی کاری پەرلەمان لە ماوەی شەش مانگدا................................................. ٥٠
تێبینییەکان لەسەر کاری خولی شەش مانگی دووەمی سالی ٢٠١٤ی پەرلەمان.......................................... ٥١
ئەنجام........................................................................................................................ ٥٦
پێشنیار و راسپاردەکان........................................................................................... ٥٧

# پێشەکی

ئەنستتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان PAY ڕێکخراوێکی ناحکومیی کوردستانییەو لە (٢٠١٣/١١/٢٨) بەفەرمی لە فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومیەکان تۆمار کراوە و لە کانونی یەکەمی سالی ٢٠١٣ەوە دەستی بە چالاکیەکانی کردووە، یەکی لە کارەکانی چاودێری کردنی ئەدای کاری دام و دەزگا گشتیەکانە، لە چوارچێوەی ئەم کارەی دا یەکێ لەو دەزگایانەی کە چاودێری دەکات پەرلەمانی کوردستانە. هەر لە دوای هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستانەوە دەستی بە ئەنجامدانی ئەم کارەی کردووە، بە نوسراوی فەرمیش داوا لە سەرۆکایەتی پەرلەمان کراوەو بەڕێزیشیان ڕەزامەندییان دەربڕیوە لەسەر ئەنجامدانی کارەکەو بەڵێنی هاوکاریکردنی مەعنەوی و کارئاسانیان پێداویین.

ئەم کاری چاودێریکردنە لەلایەن ئەنیستتیۆکەمانەوە ئەنجامدراوە، ئەوەی بەردەستتان دووەمین راپۆرتە سەبارەت بە کارەکانی پەرلەمان، راپۆرتی یەکەم لە ٢٠١٤/١١/٦ بلاوکرایەوە بەبۆنەی سالێك تێپەڕبوون بەسەر تەمەنی پەرلەماندا لە رۆژی سوێندخواردنی ئەندامانەوە، ئەم راپۆرتەش سەبارەت بە خولی گرێدانی دووەمی ساڵی (٢٠١٤)یە کە لە (١ ی ئەیلولی ٢٠١٤)وە تاکو (٢٨ ی شوباتی ٢٠١٥)، زانیاری و داتای پێویست کۆکراوەتەوە ، بەشێوەیەکی ڕێکوپێك چاودێری دانیشتن و پرۆتۆکۆل و سایتی فەرمیی پەرلەمان کراوەو و هەر بۆ هەمان مەبەست سەردانی سەرۆکایەتی و لیژنەکانی پەرلەمان و فراکسیۆنەکانیشمان کردووە.

مەبەستی ئێمە چاودێری کارەکانی پەرلەمانە و خوازیارین ئەم دەزگا نیشتمانییە بە ئەرك و کاری خۆی هەلسێت و لەئاست متمانەی کۆمەلانی خەلکی کوردستاندا بێت و رۆڵی سەرەکی و کارا ببینێت لە چارەسەرکردنی گرفت و قەیرانەکاندا، چونکە بوونی پەرلەمانێکی بەهێز، کە یاسای گونجاو دەربکات و چاودێرێکی وردی دەسەلاتی جێبەجێکردن بێت، هۆکاری سەرەکی بەرەو پێشەوە چوونی کۆمەلگەو بەدامەزراوەیی کردنی و گەشەپێدانی زیاتری دیموکراتیەت دەبێت. پێمانوایە چاودێری کردنی ئێمەو ڕێکخراوەکانی تری کۆمەلگەی مەدەنی، پالپشتێکی بەهێزی سەرکەوتنی پەرلەمان دەبێت.

دەستپێکی سەرکەوتنیشی بەستراوە بە جێبەجێکردنی یاسا لەلایەن خودی پەرلەمانەوە، کە خۆی لە پابەند بوونی بە پەیرەوی ناوخۆ و یاسای ژمارە (١)ی سالی ١٩٩٢ دا دەبینێتەوە، کە ئەرك و مەهامەکانی پەرلەمانی تیادا دەستنیشانکراوە.

**د.سەروەر عەبدولرەحمان عومەر**

سەرۆکی ئەنستتیۆتی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان

١٩/ئازاری/٢٠١٥


## باكگراوند

رۆژی ٢٠١٣/٩/٢١ پرۆسەی هەڵبـژاردنی خـولی چـوارەمی پەرلـەمانی کوردسـتان بەسیـستمی نیمـچەکراوە بەڕێوەچوو، تیایـدا (٣١) لیـست بەشـداری پرۆسـەکەیان کـردوو سـەرەنجام (١٧) لیـست توانیـان سـەرکەوتن بەدەسـتبێنن، ئـەنجامی کۆتـایی هەڵبـژاردنیش وەك کۆمـسیۆنی بـاڵای هەڵبژاردنـەکانی عـیراق ڕایگەیانـدووەو پشتڕاستی کردۆتەوە، بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

**خشتەی ژمارە (١)**

**لیست و قەوارە سیاسیەکان و کۆی دەنگەکانیان**


| ژ.لیست | ناوی قەوارەو لیستەکان | کۆی دەنگەکانی | ژ.کورسی |
|---|---|---|---|
| 110 | لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان | 743984 | 38 |
| 117 | لیستی گۆران | 476736 | 24 |
| 102 | لیستی یەکێتی نیشتمانی کوردستان | 350500 | 18 |
| 105 | لیستی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان | 186741 | 10 |
| 104 | لیستی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان | 118574 | 6 |
| 101 | لیستی بزووتنەوەی ئیسلامی | 21834 | 1 |
| 111 | لیستی حزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان، | 12501 | 1 |
| 107 | لیستی ئازادی | 12392 | 1 |
| 115 | لیستی ئاراستەی سێیەم | 8681 | 1 |
| 126 | لیستی رافیدەین | 6145 | 2 |
| 127 | لیستی گردبوونەوەی گەلی کلدانی سریانی ئاشووری | 5730 | 2 |
| 124 | لیستی پێشکەوتنی تورکمان | 5259 | 2 |
| 121 | لیستی هەولێری تورکمانی | 1951 | 1 |
| 120 | لیستی گۆڕان و نوێبوونەوەی تورکمان | 1926 | 1 |
| 122 | لیستی بەرەی تورکمانی | 1753 | 1 |
| 125 | لیستی ئەبناو ئەلنەهرەین | 1093 | 1 |
| 131 | لیستی ئەرمەن | 531 | 1 |
|  | سەرجەم | 1.956.331 | 111 |


لیست و قەوارە سیاسیەکان و کۆی دەنگەکانیان
38
24
18
10
6
1
1
1
1
2
2
2
1
1
1
1
1
لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان
لیستی گۆڕان
لیستی یەکێتی نیشتمانی کوردستان
لیستی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان
لیستی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان
لیستی بزووتنەوەی ئیسلامی
لیستی حزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان،
لیستی ئازادی
لیستی ئاراستەی سێیەم
لیستی رافیدەین
لیستی گردبوونەوەی گەلی کلدانی سریانی ئاشووری
لیستی پێشکەوتنی تورکمان
لیستی هەولێری تورکمانی
لیستی گۆڕان و نوێبوونەوەی تورکمان
لیستی بەرەی تورکمانی
لیستی ئەبناو ئەلنەهرەین
لیستی ئەرمەن

**خشتەی ژمارە (٢)**

**پێکهاتەی پەرلەمانی کوردستان لە رووی نەتەوایەتیەوە**


| ژ | نەتەوە | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|---|
| ١ | کورد | ١٠٠ | ٩٠,١ |
| ٢ | تورکمان | ٥ | ٤,٥ |
| ٣ | کلدانی سریانی ئاشووری | ٥ | ٤,٥ |
| ٤ | ئەرمەنی | ١ | ٠,٩ |
| کۆی گشتی | | ١١١ | ١٠٠ |



## خشتەی ژمارە ( ٣ )

## پێکهاتەی پەرلەمانی کوردستان لە رووی تێکڕای تەمەنی ئەندامانەوە


| ژمارە | مێژووی لەدایکبوون | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|---|
| ١- | ١٩٤٠-١٩٤٩ | ١ | ٠,٩ |
| ٢- | ١٩٥٠-١٩٥٩ | ٨ | ٧,٢ |
| ٣- | ١٩٦٠-١٩٦٩ | ٣٢ | ٢٨,٨ |
| ٤- | ١٩٧٠-١٩٧٩ | ٥٦ | ٥٠,٥ |
| ٥- | ١٩٨٠-١٩٨٦ | ١٤ | ١٢,٦ |
| کۆی گشتی | | ١١١ | ١٠٠ |



**خشتەی ژمارە (٤)**

**پێکهاتەی پەرلەمانی کوردستان لە ڕووی ڕەگەزی ژن و پیاوەوە**


| ژمارە | ژمارەی ئەندامانی پیاوو ژن | ژمارەی پەرلەماتاران | ڕێژەیی |
|---|---|---|---|
| ١ | ژمارەی ئەندامانی پیاو | ٧٧ | ٪٦٩,٤ |
| ٢ | ژمارەی ئەندامانی ژن | ٣٤ | ٪٣٠,٦ |
| کۆی گشتی | | ١١١ | ٪١٠٠ |



**خشتەی ژمارە ( ٥ )**

**پێکهاتەی پەرلەمانی کوردستان لە لایەنی ئاستی خوێندن و بڕوانامەوە**


| ژ | بڕوانامە | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|---|
| ١ | دکتۆرا | ١٩ | ١٧,١ |
| ٢ | ماجستێر | ١١ | ٩,٩ |
| ٣ | بەکالۆریۆس | ٥٢ | ٤٦,٨ |
| ٤ | دبلۆم | ١١ | ٩,٩ |
| ٥ | ئامادەیی | ١١ | ٩,٩ |
| ٦ | ناوەندی | ٧ | ٦,٣ |
| کۆی گشتی | | ١١١ | ١٠٠ |



### خشتەی ژمارە ( ٦ )

### پێکهاتەی پەرلەمانی کوردستان لە رووی ئاینیەوە


| ژ | ئایین | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|---|
| ١ | موسڵمان | ١٠٤ | ٩٣,٧ |
| ٢ | مەسیحی | ٦ | ٥,٤ |
| ٣ | ئێزیدی | ١ | ٠,٩ |
| کۆی گشتی | | ١١١ | ١٠٠ |



**خشتەی ژمارە ( ٧ )**

**دابەشبوونی ژمارەی ئەندامانی پەرلەمان بە پێی پارێزگاکان**

| ژ | پارێزگا | ژمارەی کورسی | ڕێژەی ٪ |
|---|---|---|---|
| ١ | هەولێر | ٣٠ | ٢٧,٠ |
| ٢ | سلێمانی | ٤٨ | ٤٤,١ |
| ٣ | دهۆك | ٣٣ | ٢٨,٨ |
| | کۆی گشتی | ١١١ | ١٠٠ |



## خشتەی ژمارە ( ٨ )


## دابەشبوونی ژمارەی ئەندامانی پەرلەمان بەسەر پارێزگاکان بە پێی فراکسیۆنەکان

| فراکسیۆن | کۆی ژمارەی کورسی | هەولێر | ٪ | سلێمانی | ٪ | دهۆك | ٪ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان | ٣٨ | ١٠ | ٢٦,٣ | ٣ | ٧,٩ | ٢٥ | ٦٥,٨ |
| لیستی گۆڕان | ٢٤ | ٦ | ٢٥,٠ | ١٨ | ٧٥,٠ | ٠ | ٠,٠ |
| لیستی یەکێتی نیشتمانی کوردستان | ١٨ | ٣ | ١٦,٧ | ١٥ | ٨٣,٣ | ٠ | ٠,٠ |
| لیستی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان | ١٠ | ٢ | ٢٠,٠ | ٤ | ٤٠,٠ | ٤ | ٤٠,٠ |
| لیستی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان | ٦ | ٢ | ٣٣,٣ | ٤ | ٦٦,٧ | ٠ | ٠,٠ |
| لیستی بزووتنەوەی ئیسلامی | ١ | ٠ | ٠,٠ | ١ | ١٠٠,٠ | ٠ | ٠,٠ |
| لیستی حزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان، | ١ | ٠ | ٠,٠ | ١ | ١٠٠,٠ | ٠ | ٠,٠ |
| لیستی ئازادی | ١ | ٠ | ٠,٠ | ١ | ١٠٠,٠ | ٠ | ٠,٠ |
| لیستی ئاراستەی سێیەم | ١ | ٠ | ٠,٠ | ١ | ١٠٠,٠ | ٠ | ٠,٠ |
| لیستی رافیدەین | ٢ | ٠ | ٠,٠ | ٠ | ٠,٠ | ٢ | ١٠٠,٠ |
| لیستی گردبوونەوەی گەلی کلدانی سریانی ئاشووری | ٢ | ١ | ٥٠,٠ | ٠ | ٠,٠ | ١ | ٥٠,٠ |
| لیستی پێشکەوتنی تورکمان | ٢ | ٢ | ١٠٠,٠ | ٠ | ٠,٠ | ٠ | ٠,٠ |
| لیستی هەولێری تورکمانی | ١ | ١ | ١٠٠,٠ | ٠ | ٠,٠ | ٠ | ٠,٠ |
| لیستی گۆڕان و نوێبوونەوەی تورکمان | ١ | ١ | ١٠٠,٠ | ٠ | ٠,٠ | ٠ | ٠,٠ |
| لیستی بەرەی تورکمانی | ١ | ١ | ١٠٠,٠ | ٠ | ٠,٠ | ٠ | ٠,٠ |
| لیستی ئەبناو ئەلنەهرەین | ١ | ١ | ١٠٠,٠ | ٠ | ٠,٠ | ٠ | ٠,٠ |
| لیستی ئەرمەن | ١ | ٠ | ٠,٠ | ٠ | ٠,٠ | ١ | ١٠٠,٠ |
| کۆی گشتی | ١١١ | ٣٠ | ٢٧,٠ | ٤٨ | ٤٣,٢ | ٣٣ | ٢٩,٧ |

## دابەشبوونی کورسیەکانی پەرلەمان لە پارێزگای هەولێر بە پێی لیستەکان


| فراکسیۆن | هەولێر | ٪ |
|---|---|---|
| لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان | ١٠ | ٣٣,٣ |
| لیستی گۆڕان | ٦ | ٢٠ |
| لیستی یەکێتی نیشتمانی کوردستان | ٣ | ١٠ |
| لیستی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان | ٢ | ٦,٧ |
| لیستی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان | ٢ | ٦,٧ |
| لیستی گردبوونەوەی گەلی کلدانی سریانی ئاشووری | ١ | ٣,٣ |
| لیستی پێشکەوتنی تورکمان | ٢ | ٦,٧ |
| لیستی هەولێری تورکمانی | ١ | ٣,٣ |
| لیستی گۆڕان و نوێبوونەوەی تورکمان | ١ | ٣,٣ |
| لیستی بەرەی تورکمانی | ١ | ٣,٣ |
| لیستی ئەبناو ئەلنەهرەین | ١ | ٣,٣ |
| کۆی گشتی | ٣٠ | ١٠٠ |

### دابەشبوونی کورسیەکانی پەرلەمان لە پارێزگای هەولێر بە پێی لیستەکان




## دابەشبوونی كورسیەكانی پەرلەمان لە پارێزگای سلێمانی بە پێی لیستەكان

| فراكسیۆن | سلێمانی | ٪ |
|---|---|---|
| لیستی پارتی دیموكراتی كوردستان | ٣ | ٦,٢ |
| لیستی گۆڕان | ١٨ | ٣٧,٥ |
| لیستی یەكێتی نیشتمانی كوردستان | ١٥ | ٣١,٢ |
| لیستی یەكگرتووی ئیسلامی كوردستان | ٤ | ٨,٣ |
| لیستی كۆمەڵی ئیسلامی كوردستان | ٤ | ٨,٣ |
| لیستی بزووتنەوەی ئیسلامی | ١ | ٢ |
| لیستی حزبی سۆسیالیستی دیموكراتی كوردستان، | ١ | ٢ |
| لیستی ئازادی | ١ | ٢ |
| لیستی ئاراستەی سێیەم | ١ | ٢ |
| كۆی گشتی | ٤٨ | ١٠٠ |



## دابەشبوونی کورسیەکانی پەرلەمان لە پارێزگای دهۆك بە پێی لیستەکان

| فراکسیۆن | دهۆك | ٪ |
|---|---|---|
| لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان | ٢٥ | ٧٥,٧ |
| لیستی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان | ٤ | ١٢,١ |
| لیستی رافیدەین | ٢ | ٦ |
| لیستی گردبوونەوەی گەلی کلدانی سریانی ئاشووری | ١ | ٣ |
| لیستی ئەرمەن | ١ | ٣ |
| کۆی گشتی | ٣٣ | ١٠٠ |



**خشتەی ژمارە ( ٩ )**

**ئەو پرۆژانەی پێشکەش بە پەرلەمان کراون**

| ژ | بابەت | ئەو پرۆژانەی لەلایەن ئەندامانەوە پێشکەشکراون | ئەو پرۆژانەی لەلایەن حکومەتەوە پێشکەشکراون | خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە | پەسەند کراو | ئەو پرۆژانەی کاریان لەسەر نەکراوە | ڕێژەی ئەوپرۆژانەی پەسەند کراون ٪ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | پرۆژە یاساو بڕیار کە خوێندنەوەی بۆ کراوە | ١١١ | ٤ | ١١٥ | ١٣ | ١٠٢ | ١١,٣ |
| ٢ | پرۆژە یاساو بڕیار کە خوێندنەوەی بۆ نەکراوە | ٧١ | ٠ | ٧١ | ٠ | ٧١ | ٠,٠ |
| | کۆی گشتی | ١٨٢ | ٤ | ١٨٦ | ١٣ | ١٧٣ | ١١,٣ |

## خشتەی ژمارە (١٠)

## ئەو پرۆژە یاسایانەی پێشکەش بە پەرلەمان کراون و ئاستی کارکردن لەسەریان

| ژ | ناوی یاسا و بڕیار | مێژووی خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەکە | ئەو لیژنانەی ئاراستەیان کراوە | ئەو لیژنانەی راپۆرتیان نوسیوە | ئاستی جێبەجێکردن |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| 1 | پرۆژە یاسای هەموارکردنی سێیەمی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ ی هەموارکراو. | دانیشتنی ژمارە (٢)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٤/٥/٧ | ١. لیژنەی یاسایی | لیژنەی یاسایی | پەسەندکراوە<br>بەلام نەچۆتە بواری جێبەجێکردنەوە، یاساکە بۆ کابینەی داهاتوو دانراوە. |
| 2 | پرۆژە یاسای سەندووقی داهاتەکانی نەوت و گاز. | دانیشتنی ژمارە (٢)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٤/٥/٧ | ١. لیژنەی یاسایی<br>٢. لیژنەی پیشەسازی<br>٣. لیژنەی دارایی | ١. لیژنەی یاسایی<br>٢. لیژنەی پیشەسازی<br>٣. لیژنەی دارایی | راپۆرتی لەسەر نەنوسراوە |
| 3 | پرۆژە یاسای (سندوقی کوردستان بۆ داهاتە نەوتیەکان لە هەرێمی کوردستان ـ عیراق)<br>لەلەیەن ئەنجومەنی وەزیران | دانیشتنی ژمارە (١٣)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٤/١١/٢٥ | ١. لیژنەی یاسایی<br>٢. لیژنەی پیشەسازی<br>٣. لیژنەی دارایی | ١. لیژنەی یاسایی<br>٢. لیژنەی پیشەسازی<br>٣. لیژنەی دارایی | راپۆرتی لەسەر نەنوسراوە |
| 4 | پرۆژە یاسای رێزلێنانی پێشمەرگە. | دانیشتنی ژمارە (٢)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٤/٥/٧ | ١. لیژنەی یاسایی<br>٢. لیژنەی دارایی<br>٣. لیژنەی پێشمەرگە | ــــــــ | راپۆرتی لەسەر نەنوسراوە |
| 5 | پرۆژە یاسای کۆمپانیای کوردستان بۆ دۆزینەوە و بەرهەمهێنانی نەوت. | دانیشتنی ژمارە (٢)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٤/٥/٧ | ١. لیژنەی یاسایی<br>٢. لیژنەی پیشەسازی | ــــــــ | راپۆرتی لەسەر نەنوسراوە |
| 6 | پرۆژە یاسای هەموارکردنی یاسای رێکخستنی خۆپیشاندان لە هەرێمی کوردستان ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠١٠. | دانیشتنی ژمارە (٢)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٤/٥/٧ | ١. لیژنەی یاسایی<br>٢. لیژنەی ناوخۆ<br>٣. لیژنەی مافی مرۆڤ<br>٤. لیژنەی کۆمەڵی مەدەنی | ١. لیژنەی یاسایی<br>٢. لیژنەی ناوخۆ<br>٣. لیژنەی مافی مرۆڤ<br>٤. لیژنەی کۆمەڵی مەدەنی | پەسەندکراوە،<br>دوو پرۆژەیە لێکدراوەو وەك یاسایەك پەسەند کراوە.<br>بەلام لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە رەتکرایەوە. بڕیارە لە خولی بەهاری ٢٠١٥ دا دووبارە بخرێتەوە بەرنامەی کار بە مەبەستی پەسەندکردن. |
| 7 | پرۆژە یاسای هەموارکردنی یاسای رێکخستنی خۆپیشاندان لە هەرێمی کوردستان ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠١٠. | دانیشتنی ژمارە (٤)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٤/٥/١٤ | ١. لیژنەی یاسایی<br>٢. لیژنەی ناوخۆ<br>٣. لیژنەی مافی مرۆڤ<br>٤. لیژنەی کۆمەڵی مەدەنی | ١. لیژنەی یاسایی<br>٢. لیژنەی ناوخۆ<br>٣. لیژنەی مافی مرۆڤ<br>٤. لیژنەی کۆمەڵی مەدەنی | |
| 8 | پرۆژە یاسای هەموارکردنی بەردەوامی پێدانی پێشینەکان و کاریگەری لەسەر ئابووری هەرێمی کوردستان. | دانیشتنی ژمارە (٢)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٤/٥/٧ | ١. لیژنەی یاسایی | ــــــــ | ئەمە توێژینەوەیە نەك پرۆژە یاسا، کاری لەسەر نەکراوە. |
| 9 | پرۆژە یاسای هەموارکردنی یاسای وەبەرهێنان ژمارە (٤) ساڵی ٢٠٠٦. | دانیشتنی ژمارە (٢)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٤/٥/٧ | ١. لیژنەی یاسایی<br>٢. لیژنەی دارایی<br>٣. لیژنەی ئاوەدانکردنەوە | لیژنەی دارایی | راپۆرتی لەسەر نەنوسراوە |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| 10 | پرۆژە یاسای زمانە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان. | دانیشتنی ژمارە (٤)ی ئاسایی<br>رۆژی ٢٠١٤/٥/١٤ | ١. لیژنەی یاسایی<br>٢. لیژنەی پەروەردە<br>٣. لیژنەی رۆشنبیری | ١. لیژنەی یاسایی<br>٢. لیژنەی پەروەردە<br>٣. لیژنەی رۆشنبیری | پەسەندکراوە<br>بەلام نەچۆتە بواری جێبەجێکردنەوە، |
| 11 | پرۆژە یاسای پێدانی بودجەی حیزبەکانی هەرێمی کوردستان. | دانیشتنی ژمارە (٤)ی ئاسایی<br>رۆژی ٢٠١٤/٥/١٤ | ١. لیژنەی یاسایی<br>٢. لیژنەی دارایی<br>٣. لیژنەی ناوخۆ | ١ـلیژنەی یاسایی<br>٢. لیژنەی دارایی<br>٣. لیژنەی ناوخۆ | پەسەندکراوە<br>بەلام نەچۆتە بواری جێبەجێکردنەوە |
| 12 | پرۆژە یاسای دەستەی سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی لە هەرێمی کوردستان. | دانیشتنی ژمارە (٤)ی ئاسایی<br>رۆژی ٢٠١٤/٥/١٤ | ١. لیژنەی یاسایی | لیژنەی یاسایی | پەسەندکراوە<br>دوو پرۆژەیە لێکدراوەو وەك یاسایەك پەسەند كراوە، بەلام تا ئێستاش کۆمسیۆن نەکەوتۆتە سەر پێ و بە ئیشەکانی خۆی هەلنەستاوە. |
| 13 | پرۆژە یاسایی دەستەی باڵای سەربەخۆیی هەڵبژاردن و راپرسی لە هەرێمی کوردستان– عێراق | دانیشتنی ژمارە (١٤)ی ئاسایی<br>رۆژی ٢٠١٤/٧/٧ | ١. لیژنەی یاسایی | ——— | |
| 14 | پرۆژە بریاری پایتەختی ئاشتی لە هەرێمی کوردستان و عێراق. | دانیشتنی ژمارە (٤)ی ئاسایی<br>رۆژی ٢٠١٤/٥/١٤ | ١. لیژنەی یاسایی<br>٢. لیژنەی ناوخۆ<br>٣ لیژنەی.پیشمەرگە | ١ـلیژنەی یاسایی<br>٢- لیژنەی ناوخۆ<br>٣- لیژنەی پێشمەرگە | پەسەندکراوە |
| 15 | پرۆژە یاسای داواکاری گشتی هەرێمی کوردستان ـ عیراق. – ١ – | دانیشتنی ژمارە (٥)ی ئاسایی<br>رۆژی ٢٠١٤/٥/٢٠ | ١. لیژنەی یاسایی | ——— | راپۆرتی لەسەر نەنوسراوە |
| 16 | پرۆژە یاسای داواکاری گشتی هەرێمی کوردستان ـ عیراق.–٢– | دانیشتنی ژمارە (٥)ی ئاسایی<br>رۆژی ٢٠١٤/٥/٢٠ | ١. لیژنەی یاسایی | ——— | راپۆرتی لەسەر نەنوسراوە |
| 17 | پرۆژە یاسای کۆتایی هاتن بەکارکردن بە یاسای بەرەنگاربونەوەی تیرۆر ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٦ لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق. | دانیشتنی ژمارە (٥)ی ئاسایی<br>رۆژی ٢٠١٤/٥/٢٠ | ١. لیژنەی یاسایی<br>٢. لیژنەی ناوخۆ<br>٣. لیژنەی مافی مرۆڤ | لیژنەی مافی مرۆڤ | راپۆرتی لەسەر نەنوسراوە |
| 18 | پرۆژە یاسای بەکارکردنی یاسای خانەنشینی یەکگرتوو لە عیراق. | دانیشتنی ژمارە (٥)ی ئاسایی<br>رۆژی ٢٠١٤/٥/٢٠ | ١. لیژنەی یاسایی<br>٢. لیژنەی دارایی | لیژنەی دارایی | راپۆرتی لەسەر نەنوسراوە |
| 19 | پرۆژە یاسای بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان ـ عیراق. | دانیشتنی ژمارە (٥)ی ئاسایی<br>رۆژی ٢٠١٤/٥/٢٠ | ١. لیژنەی یاسایی<br>٢. لیژنەی نەزاهە | لیژنەی نەزاهە | راپۆرتی لەسەر نەنوسراوە |
| 20 | پرۆژە یاسای دەستەی نیشتمانی بۆ دانوستان. | دانیشتنی ژمارە (٥)ی ئاسایی<br>رۆژی ٢٠١٤/٥/٢٠ | ١. لیژنەی یاسایی | ——— | راپۆرتی لەسەر نەنوسراوە |
| 21 | پرۆژە یاسای پشکی هاونیشتیمانیان لەسامانە سروشتەکان. | دانیشتنی ژمارە (٥)ی ئاسایی<br>رۆژی ٢٠١٤/٥/٢٠ | ١. لیژنەی یاسایی<br>٢. لیژنەی دارایی<br>٣. لیژنەی پیشەسازی | لیژنەی پیشەسازی | راپۆرتی لەسەر نەنوسراوە |
| 22 | پرۆژە یاسای هەموارکردنی سێیەمی یاسای خانەنشینی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق ژمارە(١٣)ی ساڵی ١٩٩٩ی هەموارکراو. | دانیشتنی ژمارە (٦)ی ئاسایی<br>رۆژی ٢٠١٤/٥/٢٦ | ١. لیژنەی یاسایی<br>٢. لیژنەی دارایی | لیژنەی دارایی | راپۆرتی لەسەر نەنوسراوە |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| 23 | پرۆژە یاسای پاراستنی خواردەمەنی. | دانیشتنی ژمارە (٦)ی ئاسایی<br>رۆژی ٢٠١٤/٥/٢٦ | ١. لیژنەی یاسایی<br>٢. لیژنەی تەندروستی<br>٣. لیژنەی بەکاربەر<br>٤. لیژنەی کشتوکاڵ | لیژنەی کشتوکاڵ | راپۆرتی لەسەر نەنوسراوە |
| 24 | پرۆژە یاسای هەموارکردنەوەی مووچە. | دانیشتنی ژمارە (٦)ی ئاسایی<br>رۆژی ٢٠١٤/٥/٢٦ | ١. لیژنەی یاسایی<br>٢. لیژنەی دارایی | ——— | راپۆرتی لەسەر نەنوسراوە |
| 25 | پرۆژە یاسای رێکخستنی چاندن و گواستنەوەی ئەندامەکانی جەستەی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان ـ عیراق. | دانیشتنی ژمارە (٦)ی ئاسایی<br>رۆژی ٢٠١٤/٥/٢٦ | ١. لیژنەی یاسایی<br>٢. لیژنەی تەندرووستی<br>٣. لیژنەی ئەوقاف | ١. لیژنەی یاسایی<br>٢. لیژنەی تەندرووستی<br>٣. لیژنەی ئەوقاف | راپۆرتی لەسەر نەنوسراوە |
| 26 | پرۆژە یاسای بەرکارکردنی یاسای فیدراڵیی دەستەبەری (تضمین) ژمارە(١٢)ی ساڵی ٢٠٠٦. | دانیشتنی ژمارە (٦)ی ئاسایی<br>رۆژی ٢٠١٤/٥/٢٦ | ١. لیژنەی یاسایی | ——— | راپۆرتی لەسەر نەنوسراوە |
| 27 | پرۆژە یاسای هاوکاری بۆ ئافرەتانی بێ هاوسەر. | دانیشتنی ژمارە (٦)ی ئاسایی<br>رۆژی ٢٠١٤/٥/٢٦ | ١. لیژنەی یاسایی<br>٢. لیژنەی دارایی<br>٣. لیژنەی مافی ئافرەت | ——— | راپۆرتی لەسەر نەنوسراوە |
| 28 | پرۆژە یاسای درێژکردنەوەی کارکردن بە یاسای تیرۆر. | دانیشتنی ژمارە (٦)ی ئاسایی<br>رۆژی ٢٠١٤/٥/٢٦ | ١. لیژنەی یاسایی<br>٢. لیژنەی مافی مرۆڤ<br>٣. لیژنەی ناوخۆ | ١. لیژنەی یاسایی<br>٢. لیژنەی مافی مرۆڤ<br>٣. لیژنەی ناوخۆ | پەسەندکراوە |
| 29 | پرۆژە یاسای سندوقی مووچە و خانەنشنیی هەرێمی کوردستان ـ عیراق. | دانیشتنی ژمارە (٦)ی ئاسایی<br>رۆژی ٢٠١٤/٥/٢٦ | ١. لیژنەی یاسایی<br>٢. لیژنەی دارایی | لیژنەی دارایی | راپۆرتی لەسەر نەنوسراوە |
| 30 | پرۆژە بریاری هەڵوەشاندنەوەی بریاری ژمارە (٥٥)ی ساڵی ٢٠٠٤ی پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق. | دانیشتنی ژمارە (١٤)ی ئاسایی<br>رۆژی ٢٠١٤/٧/٧ | ١. لیژنەی یاسایی | ——— | راپۆرتی لەسەر نەنوسراوە |
| 31 | پرۆژە یاسای بیمەی تەندروستی –١– | دانیشتنی ژمارە (١٤)ی ئاسایی<br>رۆژی ٢٠١٤/٧/٧ | ١. لیژنەی یاسایی<br>٢. لیژنەی تەندورستی<br>٣. لیژنەی دارایی | لیژنەی تەندروستی | راپۆرتی لەسەر نەنوسراوە |
| 32 | پرۆژە یاسای بیمەی تەندروستی –٢– | دانیشتنی ژمارە (١٤)ی ئاسایی<br>رۆژی ٢٠١٤/٧/٧ | ١. لیژنەی یاسایی<br>٢. لیژنەی تەندورستی<br>٣. لیژنەی دارایی | لیژنەی تەندروستی | راپۆرتی لەسەر نەنوسراوە |
| 33 | پرۆژە یاسای ئەنجومەن و دەزگای کاروباری دانوستان. | دانیشتنی ژمارە (١٤)ی ئاسایی<br>رۆژی ٢٠١٤/٧/٧ | ١. لیژنەی یاسایی<br>٢. لیژنـــەی پەیوەندیـــەکان و رەوەندی کوردستانی | ——— | راپۆرتی لەسەر نەنوسراوە |
| 34 | پرۆژە یاسای دەستەی ئاوەدانی و خزمەتگوزاری گوندەکانی کوردستان. | دانیشتنی ژمارە (١٤)ی ئاسایی<br>رۆژی ٢٠١٤/٧/٧ | ١. لیژنەی یاسایی<br>٢. لیژنەی ئاوەدانکردەوە | ١. لیژنەی یاسایی<br>٢. لیژنەی ئاوەدانکردەوە | راپۆرتی لەسەر نەنوسراوە |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| 35 | پرۆژە یاسای هەمواركردنی یاسای سندوقی كۆمەك بۆ توشبوانی شێرپەنجە لەهەرێمی كوردستان ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠١٢. | دانیشتنی ژمارە (١٤)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٤/٧/٧ | ١. لیژنەی یاسایی<br>٢. لیژنەی تەندروستی<br>٣. لیژنەی دارایی | ——— | راپۆرتی لەسەر نەنوسراوە |
| 36 | پرۆژە یاسای بیمەی كشتوكاڵی لە هەرێمی كوردستان. | دانیشتنی ژمارە (١٤)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٤/٧/٧ | ١. لیژنەی یاسایی<br>٢. لیژنەی كشتوكاڵ<br>٣. لیژنەی دارایی | لیژنەی كشتوكاڵ | راپۆرتی لەسەر نەنوسراوە |
| 37 | پرۆژە بریاری جینۆسایدی شنگال و دەوروبەری. | دانیشتنی كردنەوەی خولی پەرلەمان رۆژی ٢٠١٤/٩/٢ | ١. لیژنەی یاسایی<br>٢. لیژنەی پێشمەرگە<br>٣. لیژنەی مافی مرۆڤ | ——— | راپۆرتی لەسەر نەنوسراوە |
| 38 | پرۆژە بریاری بەجینۆساید ناساندنی كارەساتی شەنگال. | دانیشتنی كردنەوەی خولی پەرلەمان رۆژی ٢٠١٤/٩/٢ | ١. لیژنەی یاسایی<br>٢. لیژنەی پێشمەرگە<br>٣. لیژنەی مافی مرۆڤ | ——— | راپۆرتی لەسەر نەنوسراوە |
| 39 | پرۆژە بریاری دانانی ئەو تاوانانەی كە دەرهەق بە گەلی كورد (كوردانی ئێزیدی) ئەنجام دراون بە تاوانی كۆمەڵ كوژی. | دانیشتنی كردنەوەی خولی پەرلەمان رۆژی ٢٠١٤/٩/٢ | ١. لیژنەی یاسایی<br>٢. لیژنەی پێشمەرگە<br>٣. لیژنەی مافی مرۆڤ | ——— | راپۆرتی لەسەر نەنوسراوە |
| 40 | پرۆژە یاسای هەمواری یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١)ی ساڵی ١٩٦٩. | دانیشتنی كردنەوەی خولی پەرلەمان رۆژی ٢٠١٤/٩/٢ | ١. لیژنەی یاسایی | ——— | راپۆرتی لەسەر نەنوسراوە |
| 41 | پرۆژە یاسای پاراستنی ماف پێكهاتە نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبیەكان لە هەرێمی كوردستان ـ عێراق. | دانیشتنی كردنەوەی خولی پەرلەمان رۆژی ٢٠١٤/٩/٢ | ١. لیژنەی یاسایی<br>٢. لیژنەی مافی مرۆڤ | لیژنەی یاسایی | راپۆرتی لەسەر نەنوسراوە |
| 42 | پرۆژە یاسای رێكخستنی ماف پێكهاتەكانی هەرێمی كوردستان. | دانیشتنی ژمارە (٢)ی رۆژی ٢٠١٤/٩/٢٣ | ١. لیژنەی یاسایی<br>٢. لیژنەی مافی مرۆڤ | ١. لیژنەی یاسایی<br>٢. لیژنەی مافی مرۆڤ | راپۆرتی لەسەر نەنوسراوە |
| 43 | پرۆژە یاسای پەروەردە و خوێندن. | دانیشتنی كردنەوەی خولی پەرلەمان رۆژی ٢٠١٤/٩/٢ | ١. لیژنەی یاسایی<br>٢. لیژنەی پەروەردە | ——— | راپۆرتی لەسەر نەنوسراوە |
| 44 | پرۆژە یاسای پەروەردە لە هەرێمی كوردستان. | دانیشتنی ژمارە (٢)ی رۆژی ٢٠١٤/٩/٢٣ | ١. لیژنەی یاسایی<br>٢. لیژنەی پەروەردە | ——— | راپۆرتی لەسەر نەنوسراوە |
| 45 | پرۆژە بریاری هەمواركردنی پەیرەوی ناوخۆی و پەرلەمانی كوردستان– | دانیشتنی ژمارە (٢)ی رۆژی ٢٠١٤/٩/٢٣ | ١. لیژنەی یاسایی<br>٢. لیژنەی دارایی<br>٣. لیژنەی شارەوانی<br>٤. لیژنەی رۆشنبیری | ١-لیژنەی یاسایی<br>٢-لیژنەی رۆشنبیری | راپۆرتی لەسەر نەنوسراوە<br>راگیراوە تا راپۆرتی لیژنەی پەیرەو تەواو دەبێت. |
| 46 | پرۆژە یاسای هەمواری یەكەمی یاسای دەستەی گشتی دەسپاكیی هەرێمی كوردستان ـ عێراق ژمارە (٣) ساڵی ٢٠١١. | دانیشتنی ژمارە (٧)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٤/١٠/٢٢ | ١. لیژنەی یاسایی<br>٢. لیژنەی نەزاهە | لیژنەی یاسایی | پەسەندكراوە<br>ئەم پرۆژەیە دووجار خوێندنەوەی بۆ كراوە، جاری یەكەم لە دانیشتنی ژمارە (٢)ی رۆژی ٢٠١٤/٩/٢٣ كە لەلایەن دەستەی دەستپاكیەوە نێردرابوو و ئەمەش نایاساییەو ناگونجێت، بۆیە لە دانیشتنی ژمارە (٧)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٤/١٠/٢٢ دا دووبارە خوێندنەوەی بۆ كرایەوە. |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| 47 | پرۆژە یاسای چاودێری و هاریکاری کۆمەڵایەتی. | دانیشتنی ژمارە (٧)ی ئاسایی<br>رۆژی ٢٠١٤/١٠/٢٢ | ١. لیژنەی یاسایی<br>٢. لیژنەی دارایی<br>٣. لیژنەی کۆمەلایەتی<br>٤. لیژنەی پەروەردە<br>٥. لیژنەی کۆمەڵی مەدەنی<br>٦. لیژنەی تەندروستی<br>٧. لیژنەی مافی ئافرەت<br>٨. لیژنەی مافی مرۆڤ | ——— | راپۆرتی لەسەر نەنوسراوە |
| 48 | پرۆژە یاسای بیمەی کۆمەڵایەتی بۆکابانی ماڵ لە هەرێمی کوردستان ـ عیراق. | دانیشتنی ژمارە (٥)ی ئاسایی<br>رۆژی ٢٠١٤/٥/٢٠ | ١. لیژنەی یاسایی<br>٢. لیژنـــەی داکـۆکی لــە مــافی ئافرەت<br>٣. لیژنەی دارایی<br>٤. لیژنەی کۆمەڵایەتی | ——— | راپۆرتی لەسەر نەنوسراوە |
| 49 | پرۆژە یاسا بۆ چاودێریی بەساڵاچوان لە هەرێمی کوردستان ـ عیراق.–١– | دانیشتنی ژمارە (٦)ی ئاسایی<br>رۆژی ٢٠١٤/٥/٢٦ | ١. لیژنەی یاسایی<br>٢. لیژنەی مافی مرۆڤ<br>٣. لیژنەی تەندروستی<br>٤. لیژنەی کۆمەلایەتی | ——— | راپۆرتی لەسەر نەنوسراوە |
| 50 | پرۆژە یاسا بۆ چاودێریی بەساڵاچوان لە هەرێمی کوردستان ـ عیراق.–٢– | دانیشتنی ژمارە (٦)ی ئاسایی<br>رۆژی ٢٠١٤/٥/٢٦ | ١. لیژنەی یاسایی<br>٢. لیژنەی مافی مرۆڤ<br>٣. لیژنەی تەندروستی<br>٤. لیژنەی کۆمەلایەتی | ——— | راپۆرتی لەسەر نەنوسراوە |
| 51 | پرۆژە یاسای چاودێری کردنی ناکامەکان ژمارە (٧٨)ی ساڵی ١٩٨٠ی هەموار کراو. | دانیشتنی ژمارە (١٤)ی ئاسایی<br>رۆژی ٢٠١٤/٧/٧ | ١. لیژنەی یاسایی<br>٢. لیژنەی کۆمەڵایەتی | —<br>— | راپۆرتی لەسەر نەنوسراوە |
| 52 | پرۆژە یاسای بیمەی کۆمەڵایەتی بۆ منداڵانی بێ باوك. | دانیشتنی ژمارە (١٤)ی ئاسایی<br>رۆژی ٢٠١٤/٧/٧ | ١. لیژنەی یاسایی<br>٢. لیژنەی کۆمەڵایەتی<br>٣. لیژنەی ئەوقاف | لیژنەی ئەوقاف | راپۆرتی لەسەر نەنوسراوە |
| 53 | پرۆژە یاسای تایبەت بە کورتە باڵاکان لە هەرێمی کوردستان. | دانیشتنی ژمارە (١٤)ی ئاسایی<br>رۆژی ٢٠١٤/٧/٧ | ١. لیژنەی یاسایی<br>٢. لیژنەی مافی مرۆڤ<br>٣. لیژنەی کۆمەڵایەتی | ——— | راپۆرتی لەسەر نەنوسراوە |
| 54 | پرۆژە یاسای دڵنیایی کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق. | دانیشتنی ژمارە (١٩)ی ئاسایی<br>رۆژی ٢٠١٤/١٢/٢٤ | ١. لیژنەی یاسایی<br>٢. لیژنەی کۆمەڵایەتی<br>٣. لیژنەی دارایی | ——— | راپۆرتی لەسەر نەنوسراوە |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| 55 | پرۆژە یاسای هێڵە گشتیەکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان. | دانیشتنی ژمارە (٢١)ی ئاسایی<br>رۆژی ٢٠١٤/١٢/٣١ | ١. لیژنەی یاسایی<br>٢. لیژنەی کۆمەڵایەتی<br>٣- لیژنەی دارایی | ــــــــ | راپۆرتی لەسەر نەنوسراوە |
| 56 | پرۆژە یاسای هەمواری یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩. | دانیشتنی ژمارە (٧)ی ئاسایی<br>رۆژی ٢٠١٤/١٠/٢٢ | ١. لیژنەی یاسایی<br>٢. لیژنەی مافی ئافرەت<br>٣. لیژنەی ئەوقاف<br>٤. لیژنەی کۆمەڵایەتی | ــــــــ | راپۆرتی لەسەر نەنوسراوە |
| 57 | پرۆژە یاسای هەمواری یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩. | دانیشتنی ژمارە (٧)ی ئاسایی<br>رۆژی ٢٠١٤/١٠/٢٢ | ١. لیژنەی یاسایی<br>٢. لیژنەی مافی ئافەرت<br>٣. لیژنەی ئەوقاف<br>٤. لیژنەی کۆمەڵایەتی | ١. لیژنەی یاسایی<br>٣. لیژنەی ئەوقاف<br>٤. لیژنەی کۆمەڵایەتی | راپۆرتی لەسەر نەنوسراوە |
| 58 | پرۆژە یاسای هەموارکردنەوەی یاسای بەرەنگاربوونەوەی لەشفرۆشی ژمارە (٨)ی ساڵی ١٩٨٨ عێراقی. | دانیشتنی ژمارە (٧)ی ئاسایی<br>رۆژی ٢٠١٤/١٠/٢٢ | ١. لیژنەی یاسایی<br>٢. لیژنەی مافی ئافرەت<br>٣. لیژنەی ئەوقاف<br>٤. لیژنەی تەندروستی<br>٥. لیژنەی کۆمەڵایەتی | ١. لیژنەی یاسایی<br>٢. لیژنەی ئەوقاف<br>٤. لیژنەی تەندروستی<br>٥. لیژنەی کۆمەڵایەتی | ئامادەیە بۆ گفتوگۆ<br>دوو پرۆژەیە لێکدراوەو راپۆرتی لەسەر نوسراوە |
| 59 | پرۆژە یاسای بەرەنگاربوونەوەی لە شفرۆشی. | دانیشتنی ژمارە (٧)ی ئاسایی<br>رۆژی ٢٠١٤/١٠/٢٢ | ١. لیژنەی یاسایی<br>٢. لیژنەی مافی ئافرەت<br>٣. لیژنەی ئەوقاف<br>٤. لیژنەی تەندروستی<br>٥. لیژنەی کۆمەڵایەتی | ١. لیژنەی یاسایی<br>٣. لیژنەی ئەوقاف<br>٤. لیژنەی تەندروستی<br>٥. لیژنەی کۆمەڵایەتی | |
| 60 | پرۆژە یاسای لێبوردنی گشتی لەهەرێمی کوردستان ـ عێراق. ‒١‒ | دانیشتنی ژمارە (٧)ی ئاسایی<br>رۆژی ٢٠١٤/١٠/٢٢ | ١. لیژنەی یاسایی<br>٢. لیژنەی ناوخۆ<br>٣. لیژنەی مافی مرۆڤ | ــــــــ | راپۆرتی لەسەر نەنوسراوە |
| 61 | پرۆژە یاسای لێبوردنی گشتی لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق. ‒٢‒ | دانیشتنی ژمارە (٧)ی ئاسایی<br>رۆژی ٢٠١٤/١٠/٢٢ | ١. لیژنەی یاسایی<br>٢. لیژنەی ناوخۆ<br>٣. لیژنەی مافی مرۆڤ | ــــــــ | راپۆرتی لەسەر نەنوسراوە |
| 62 | پرۆژە یاسای هەمواركردنی یاسای پارێزگاكانی هەرێمی كوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩. | دانیشتنی ژمارە (٧)ی ئاسایی<br>رۆژی ٢٠١٤/١٠/٢٢ | ١. لیژنەی یاسایی<br>٢. لیژنەی ناوخۆ | ــــــــ | راپۆرتی لەسەر نەنوسراوە |
| 63 | پرۆژە یاسای رێپێدراوی شەرعی ـ المأذون الشرعي. | دانیشتنی ژمارە (٧)ی ئاسایی<br>رۆژی ٢٠١٤/١٠/٢٢ | ١. لیژنەی یاسایی<br>٢. لیژنەی ئەوقاف<br>٣. لیژنەی مافی ئافرەت | لیژنەی ئەوقاف | راپۆرتی لەسەر نەنوسراوە |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| 64 | پرۆژە یاسای (القانون الاساسی لجمعیە الهلال الاحمر الکردستانی). | دانیشتنی ژمارە (٧)ی ئاسایی<br>رۆژی ٢٠١٤/١٠/٢٢ | ١. لیژنەی یاسایی<br>٢. لیژنەی کۆمەڵی مەدەنی | ——— | راپۆرتی لەسەر نەنوسراوە |
| 65 | پرۆژە بڕیاری (استحداث محافظة زاخو في اقليم كوردستان - العراق). | دانیشتنی ژمارە (٧)ی ئاسایی<br>رۆژی ٢٠١٤/١٠/٢٢ | ١. لیژنەی یاسایی<br>٢. لیژنەی ناوخۆ | ——— | راپۆرتی لەسەر نەنوسراوە |
| 66 | پرۆژە بڕیاری (ستایشی فەرمانبەران) لەسەر داوای ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان، بەپێی ماددەی (٧١) لە پێڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی ١٩٩٢ی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق. | دانیشتنی ژمارە (١٠)ی ئاسایی<br>رۆژی ٢٠١٤/١١/١٠ | ١. لیژنەی یاسایی | لیژنەی یاسایی | راپۆرتی لەسەر نوسراوەو لەبەر ئەوەی پابەندبوونی دارایی تێدایە نوسراو بۆ حکومەت کراوە، بەلام تا ئێستا حکومەت رەزامەندی نەداوەو وەلامی نەداوەتەوە. |
| 67 | پرۆژەی یاسای هەمواری یەکەمی یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠٠٨، بەپێی ماددەی (٧١) لە پێڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی ١٩٩٢ی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق. | دانیشتنی ژمارە (١٠)ی ئاسایی<br>رۆژی ٢٠١٤/١١/١٠ | ١. لیژنەی یاسایی<br>٢. لیژنەی پەروەردە | لیژنەی یاسایی<br>لیژنەی پەروەردە | پەسەندکراوە<br>بەلام نەچۆتە بواری جێبەجێکردنەوە |
| 68 | پرۆژە یاسای (راکێشانی مایە لە رێگای قەرزکردن لە هەرێمی کوردستان- عێراق). لەلەیەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە نێردراوە | دانیشتنی ژمارە (١١)ی ئاسایی<br>رۆژی ٢٠١٤/١١/١٩ | ١. لیژنەی یاسایی<br>٢. لیژنەی دارایی<br>٣. لیژنەی ئەوقاف | ١. لیژنەی یاسایی<br>٢. لیژنەی دارایی<br>٣. لیژنەی ئەوقاف | راپۆرتی لەسەر نەنوسراوە |
| 69 | پرۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٠٦ | دانیشتنی ژمارە (١١)ی ئاسایی<br>رۆژی ٢٠١٤/١١/١٩ | ١. لیژنەی یاسایی<br>٢. لیژنەی دارایی<br>٣. لیژنەی ئاوەدانکردنەوە | ——— | راپۆرتی لەسەر نەنوسراوە |
| 70 | پرۆژە یاسای (کۆمپانیای کوردستان بۆ دۆزینەوە و وەبەرهێنانی نەوت لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق)<br>لەلەیەن ئەنجومەنی وەزیران | دانیشتنی ژمارە (١٢)ی ئاسایی<br>رۆژی ٢٠١٤/١١/٢٥ | ١. لیژنەی یاسایی<br>٢. لیژنەی پیشەسازی<br>٣. لیژنەی دارایی | ——— | راپۆرتی لەسەر نەنوسراوە |
| 71 | پرۆژە یاسای هەمواری یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانییەکانی هەرێمی کوردستان ـ عێراق. | دانیشتنی ژمارە (١٤)ی ئاسایی<br>رۆژی ٢٠١٤/١٢/٣ | ١. لیژنەی یاسایی<br>٢. لیژنەی شارەوانی | ١. لیژنەی یاسایی<br>٢. لیژنەی شارەوانی | ئامادەیە بۆ گفتوگۆ |
| 72 | پرۆژە یاسای ماف و ئیمتیازاتی کارمەندانی کاروباری مین لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق. | دانیشتنی ژمارە (١٤)ی ئاسایی<br>رۆژی ٢٠١٤/١٢/٣ | ١. لیژنەی یاسایی<br>٢. لیژنەی دارایی | ——— | راپۆرتی لەسەر نەنوسراوە |
| 73 | پرۆژە یاسای هەمواری یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو.<br>لەلەیەن ئەنجومەنی وەزیران | دانیشتنی ژمارە (١٤)ی ئاسایی<br>رۆژی ٢٠١٤/١٢/٣ | ١. لیژنەی یاسایی | لیژنەی یاسایی | پەسەندکراوە |
| 74 | پرۆژە بڕیاری قەدەغەکردنی ناردنی دوو پێشمەرگە یان زیاتر لە هەر خێزانێك بۆ بەرەکانی شەڕ. | دانیشتنی ژمارە (١٤)ی ئاسایی<br>رۆژی ٢٠١٤/١٢/٣ | ١. لیژنەی یاسایی<br>٢. لیژنەی پێشمەرگە<br>٣. لیژنەی کاروباری پەرلەمان | ——— | راپۆرتی لەسەر نەنوسراوە |
| 75 | پرۆژە یاسای بەرەنگاربوونەوەی بە قاچاغ بردنی نەوت و بەرهەمەکانی. | دانیشتنی ژمارە (١٥)ی ئاسایی<br>رۆژی ٢٠١٤/١٢/٩ | ١. لیژنەی یاسایی<br>٢. لیژنەی پیشەسازی و وزە | لیژنەی پیشەسازی | راپۆرتی لەسەر نەنوسراوە |

| ژ | پرۆژە | دانیشتن | لیژنەکان | لیژنەی پەیوەندیدار | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|
| 76 | پرۆژە یاسای بەکارکردن و هەموارکردنی یاسای بەرەنگاربوونەوەی بە قاچاغی نەوت و بەرهەمەکانی ژمارە (٤١)ی ساڵی ٢٠٠٨ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق. | دانیشتنی ژمارە (١٥)ی ئاسایی<br>رۆژی ٢٠١٤/١٢/٩ | ١. لیژنەی یاسایی<br>٢. لیژنەی پیشەسازی و وزە | لیژنەی پیشەسازی | راپۆرتی لەسەر نەنوسراوە |
| 77 | پرۆژە یاسای هەمواری یاسای ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠١١ یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق. | دانیشتنی ژمارە (١٥)ی ئاسایی<br>رۆژی ٢٠١٤/١٢/٩ | ١. لیژنەی یاسایی<br>٢. لیژنەی کۆمەڵایەتی | لیژنەی کۆمەلایەتی | لیژنەی کۆمەلایەتی راپۆرتی لەسەر نوسیوەو هەردوو پرۆژەی کردووە بە یەك و بە رەزامەندی رێکخراوەکانی کەمئەندامان لە پرۆژەکە رەت کراوەتەوە. بەو مەبەستەی لەچوارچێوەی پرۆژەیاسای چاودێری و هاریکاری کۆمەڵایەتی دا جێگەی بکرێتەوە. |
| 78 | پرۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسی چاودێریی کەمئەندام و خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠١١. | دانیشتنی ژمارە (١٦)ی ئاسایی<br>رۆژی ٢٠١٤/١٢/١٦ | ١. لیژنەی یاسایی<br>٢. لیژنەی کۆمەڵایەتی | لیژنەی کۆمەلایەتی | |
| 79 | پرۆژە یاسای سرودی نیشتمانی هەرێمی کوردستان ـ عێراق. —١— | دانیشتنی ژمارە (١٥)ی ئاسایی<br>رۆژی ٢٠١٤/١٢/٩ | ١. لیژنەی یاسایی<br>٢. لیژنەی رۆشنبیری | لیژنەی یاسایی | ئامادەیە بۆ گفتوگۆ |
| 80 | پرۆژە یاسای سرودی نیشتمانی ئەی رەقیب. —٢— | دانیشتنی ژمارە (١٥)ی ئاسایی<br>رۆژی ٢٠١٤/١٢/٩ | ١. لیژنەی یاسایی<br>٢. لیژنەی رۆشنبیری | ١-لیژنەی یاسایی<br>٢-لیژنەی رۆشنبیری | |
| 81 | پرۆژە بریاری باشکردنی بژێوی ژیانی پێشمەرگە. | دانیشتنی ژمارە (١٥)ی ئاسایی<br>رۆژی ٢٠١٤/١٢/٩ | ١. لیژنەی یاسایی<br>٢. لیژنەی پیشمەرگە<br>٣. لیژنەی دارایی | | پەسەندکراوە<br>بەلام نەچۆتە بواری جێبەجێکردنەوە |
| 82 | پرۆژە یاسای ئامادەکردنی پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان ـ عێراق بۆ راپرسی. | دانیشتنی ژمارە (١٦)ی ئاسایی<br>رۆژی ٢٠١٤/١٢/١٦ | ١. لیژنەی یاسایی | لیژنەی یاسایی | راپۆرتی لەسەر نەنوسراوە |
| 83 | پـرۆژە بریـاری مـاف و ئیمتیـازاتی پێـشمەرگە و کـەس و کـاری شەهیدان. | دانیشتنی ژمارە (١٦)ی ئاسایی<br>رۆژی ٢٠١٤/١٢/١٦ | ١. لیژنەی یاسایی<br>٢. لیژنەی دارایی<br>٣. لیژنەی پێشمەرگە | ———— | راپۆرتی لەسەر نەنوسراوە |
| 84 | پرۆژە بریاری بەخشینی پێشمەرگە و هێزەکانی ناوخۆ لە قیستی پێشینەکانی خانووبەرە و هاوسەرگیری. | دانیشتنی ژمارە (١٦)ی ئاسایی<br>رۆژی ٢٠١٤/١٢/١٦ | ١. لیژنەی یاسایی<br>٢. لیژنەی دارایی<br>٣. لیژنەی پێشمەرگە | ———— | راپۆرتی لەسەر نەنوسراوە |
| 85 | پرۆژە بریاری هەژمارکردنی یەك ساڵ خزمەت (قدم) بۆ پێشمەرگە و ئەفسەرانەی لەبەرەکانی شەڕدان. | دانیشتنی ژمارە (١٦)ی ئاسایی<br>رۆژی ٢٠١٤/١٢/١٦ | ١. لیژنەی یاسایی<br>٢. لیژنەی پێشمەرگە<br>٣. لیژنەی دارایی | ———— | راپۆرتی لەسەر نەنوسراوە |
| 86 | پرۆژە یاسای هەموارکردنەوەی خزمەت و خانەنشینی هێزەکانی ناوخۆ ژمارە (١٨)ی ساڵی ٢٠١١. | دانیشتنی ژمارە (١٦)ی ئاسایی<br>رۆژی ٢٠١٤/١٢/١٦ | ١-لیژنەی یاسایی<br>٢. لیژنەی ناوخۆ<br>٣. لیژنەی دارایی | لیژنەی ناوخۆ | راپۆرتی لەسەر نەنوسراوە |
| 87 | پرۆژە یاسای هەموارکردنی سێیەمی یاسای ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٠٧ یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەس و کاری شەهید و ئەنفالکراوەکان لە هەرێمی کوردستان. | دانیشتنی ژمارە (١٦)ی ئاسایی<br>رۆژی ٢٠١٤/١٢/١٦ | ١. لیژنەی یاسایی<br>٢. لیژنەی پێشمەرگە<br>٣. لیژنەی دارایی | ———— | راپۆرتی لەسەر نەنوسراوە |
| 88 | پرۆژە یاسای بەڕێوەبردن و پاراستنی ئاو لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق. | دانیشتنی ژمارە (١٦)ی ئاسایی<br>رۆژی ٢٠١٤/١٢/١٦ | ١. لیژنەی یاسایی<br>٢. لیژنەی کشتوکاڵ | ———— | راپۆرتی لەسەر نەنوسراوە |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| 89 | پرۆژە یاسای ئەندامی چاودێری پەرلەمانی کوردستان. | دانیشتنی ژمارە (١٦)ی ئاسایی<br>رۆژی ٢٠١٤/١٢/١٦ | ١. لیژنەی یاسایی<br>٢. لیژنەی کاروباری پەرلەمان | لیژنەی کاروباری پەرلەمان | راپۆرتی لەسەر نەنوسراوە |
| 90 | پرۆژە یاسای دیکۆمێنتپارێزی لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق. | دانیشتنی ژمارە (١٦)ی ئاسایی<br>رۆژی ٢٠١٤/١٢/١٦ | ١. لیژنەی یاسایی<br>٢. لیژنەی رۆشنبیری | ——— | راپۆرتی لەسەر نەنوسراوە |
| 91 | پرۆژە یاسای ناوەندی پاراستنی دەسنوسەکانی کوردستان. | دانیشتنی ژمارە (١٦)ی ئاسایی<br>رۆژی ٢٠١٤/١٢/١٦ | ١. لیژنەی یاسایی<br>٢. لیژنەی رۆشنبیری | ——— | راپۆرتی لەسەر نەنوسراوە |
| 92 | پرۆژە یاسای بیمەی کشتوکاڵی. | دانیشتنی ژمارە (١٦)ی ئاسایی<br>رۆژی ٢٠١٤/١٢/١٦ | ١. لیژنەی یاسایی<br>٢. لیژنەی کشتوکاڵ | ١. لیژنەی یاسایی<br>٢. لیژنەی کشتوکاڵ | راپۆرتی لەسەر نوسراوەو لەبەر ئەوەی پابەندبوونی دارایی تێدایە نوسراو بۆ حکومەت کراوە، بەلام تا ئێستا حکومەت رەزامەندی نەداوەو وەلامی نەداوەتەوە. |
| 93 | پرۆژە یاسای نەبرینی مووچەی تاقانە | دانیشتنی ژمارە (١٦)ی ئاسایی<br>رۆژی ٢٠١٤/١٢/١٦ | ١. لیژنەی یاسایی<br>٢. لیژنەی دارایی | لیژنەی یاسایی | راپۆرتی لەسەر نەنوسراوە |
| 94 | پرۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٤، یاسای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی. | دانیشتنی ژمارە (١٧)ی ئاسایی<br>رۆژی ٢٠١٤/١٢/١٨ | ١. لیژنەی یاسایی | ——— | راپۆرتی لەسەر نەنوسراوە |
| 95 | پرۆژە یاسای هەمواری یاسای خانەنشینی کەمئەندامانی پێشمەرگە (زێرەڤانی هەرێمی کوردستان ـ عێراق) ژمارە (٣٤)ی ساڵی ٢٠٠٧. | دانیشتنی ژمارە (١٧)ی ئاسایی<br>رۆژی ٢٠١٤/١٢/١٨ | ١. لیژنەی یاسایی<br>٢. لیژنەی پێشمەرگە<br>٣. لیژنەی دارایی | ——— | راپۆرتی لەسەر نەنوسراوە |
| 96 | پرۆژەی یاسای دەستەی کۆچ و کۆچبەران لە هەرێم. | دانیشتنی ژمارە (١٧)ی ئاسایی<br>رۆژی ٢٠١٤/١٢/١٨ | ١. لیژنەی یاسایی | ——— | راپۆرتی لەسەر نەنوسراوە |
| 97 | پرۆژە یاسای هەمواری یاسای راژە و خانەنیشینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە (١٨)ی ساڵی ٢٠١١ | دانیشتنی ژمارە (١٧)ی ئاسایی<br>رۆژی ٢٠١٤/١٢/١٨ | ١. لیژنەی یاسایی<br>٢. لیژنەی ناوخۆ<br>٣. لیژنەی دارایی | لیژنەی ناوخۆ | راپۆرتی لەسەر نەنوسراوە |
| 98 | پرۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٣، یاسای زانکۆ تایبەتەکان لە هەرێمی کوردستان. | دانیشتنی ژمارە (١٩)ی ئاسایی<br>رۆژی ٢٠١٤/١٢/٢٤ | ١. لیژنەی یاسایی<br>٢. لیژنەی پەروەردە | ——— | راپۆرتی لەسەر نەنوسراوە |
| 99 | پرۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٣، یاسای زانکۆ تایبەتەکان لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق. | دانیشتنی ژمارە (١٩)ی ئاسایی<br>رۆژی ٢٠١٤/١٢/٢٤ | ١. لیژنەی یاسایی<br>٢. لیژنەی پەروەردە | ——— | راپۆرتی لەسەر نەنوسراوە |
| 100 | پرۆژە یاسای بەخشینی پێشمەرگە و هێزەکانی ناوخۆ و ئاسایش لە سولفەی هاوسەرگیری و قەرزی خانووبەرە. | دانیشتنی ژمارە (١٩)ی ئاسایی<br>رۆژی ٢٠١٤/١٢/٢٤ | ١. لیژنەی یاسایی<br>٢. لیژنەی پێشمەرگە<br>٣. لیژنەی دارایی | ——— | راپۆرتی لەسەر نەنوسراوە |
| 101 | پرۆژە بریاری بەخشینی شەهیدان و پێشمەرگە و هێزەکانی ناوخۆ لە پێشینەی خانووبەرە و هاوسەرگیری. | دانیشتنی ژمارە (١٩)ی ئاسایی<br>رۆژی ٢٠١٤/١٢/٢٤ | ١. لیژنەی یاسایی<br>٢. لیژنەی پێشمەرگە<br>٣. لیژنەی دارایی | ——— | راپۆرتی لەسەر نەنوسراوە |
| 102 | پرۆژە بریاری هێشتنەوەی تەنیا یەك مووچە بۆ ئەو کەسانەی زیاتر لە یەك مووچەیان هەیە. | دانیشتنی ژمارە (١٩)ی ئاسایی<br>رۆژی ٢٠١٤/١٢/٢٤ | ١. لیژنەی یاسایی<br>٢. لیژنەی دارایی | لیژنەی دارایی | راپۆرتی لەسەر نەنوسراوە |
| 103 | پرۆژە بریاری پاراستنی سەروەری کوردستان ـ عێراق. | دانیشتنی ژمارە (١٩)ی ئاسایی<br>رۆژی ٢٠١٤/١٢/٢٤ | ١. لیژنەی یاسایی | ——— | راپۆرتی لەسەر نەنوسراوە |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| 104 | پرۆژە بڕیاری چۆڵکردن و تەسلیم کردنەوەی ئەو بینایانەی موڵکی گشتین بە حکومەت. | دانیشتنی ژمارە (٢١)ی ئاسایی<br>رۆژی ٢٠١٤/١٢/٣١ | ١. لیژنەی یاسایی<br>٢. لیژنەی ناوخۆ | — | راپۆرتی لەسەر نەنوسراوە |
| 105 | پرۆژە یاسای هەمواركردنی یاسای ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٠١ یاسای سندوقی خانەنشینی رۆژنامەوانی كوردستان ـ عێراق. | دانیشتنی ژمارە (٢١)ی ئاسایی<br>رۆژی ٢٠١٤/١٢/٣١ | ١. لیژنەی یاسایی<br>٢. لیژنەی دارایی | — | راپۆرتی لەسەر نەنوسراوە |
| 106 | پرۆژە یاسای هەمواركردنی یەكەمی یاسای دەسەڵاتی دادوەری ژمارە (٢٣)ی ساڵی ٢٠٠٧. | دانیشتنی ژمارە (٢١)ی ئاسایی<br>رۆژی ٢٠١٤/١٢/٣١ | ١. لیژنەی یاسایی | — | راپۆرتی لەسەر نەنوسراوە |
| 107 | پرۆژە یاسای هەمواركردنەوەی یاسای هۆشبەركان ژمارە (٦٨)ی ساڵی ١٩٦٥ی هەمواركراو. | دانیشتنی ژمارە (٢١)ی ئاسایی<br>رۆژی ٢٠١٤/١٢/٣١ | ١. لیژنەی یاسایی<br>٢. لیژنەی ناوخۆ | — | راپۆرتی لەسەر نەنوسراوە |
| 108 | پرۆژە بڕیار دەربارەی پلەبەندی وەزیفی و شوێنی دامەزراندنی دەرچوانی زانستە سیاسیەكان. | دانیشتنی ژمارە (٢١)ی ئاسایی<br>رۆژی ٢٠١٤/١٢/٣١ | ١. لیژنەی یاسایی | لیژنەی یاسایی | راپۆرتی لیژنەی یاسایی لەسەر نوسراوە، دوو پرۆژەیە و كراوە بە یەك. |
| 109 | پرۆژە بڕیاری پلەی وەزیفی بۆ دەرچووانی زانستە سیاسیەكان و پەیوەندییە نێودەوڵەتیەكان. | دانیشتنی ژمارە (٢١)ی ئاسایی<br>رۆژی ٢٠١٤/١٢/٣١ | ١. لیژنەی یاسایی | لیژنەی یاسایی | لەبەر ئەوەی لە اختصاصی پەرلەمانی كوردستاندا نیە، بۆیە نوسراو ئاراستەی سەرۆكایەتی كۆمار كراوە بەو مەبەستەی پرۆژەیەك لە ئەنجومەنی نوێنەران پەسەند بكرێت، بەلام تا ئێستا بێ وەلامە. |
| 110 | پرۆژە یاسای هەمواركردنی یەكەمی یاسای دەسەڵاتی دادوەری ژمارە (٢٣)ی ساڵی ٢٠٠٧. | دانیشتنی ژمارە (٢١)ی ئاسایی<br>رۆژی ٢٠١٤/١٢/٣١ | ١. لیژنەی یاسایی | — | راپۆرتی لەسەر نەنوسراوە |
| 111 | پرۆژە یاسای دەستەی گشتیی سەلامەتی و باشیی بەرهەمە خۆماڵی و هاوردەكان لە هەرێمی كوردستان ـ عێراق. | دانیشتنی ژمارە (٢١)ی ئاسایی<br>رۆژی ٢٠١٤/١٢/٣١ | ١. لیژنەی یاسایی<br>٢. لیژنەی مافی بەكاربەر<br>٣. لیژنەی تەندروستی | —<br>— | راپۆرتی لەسەر نەنوسراوە |
| 112 | پرۆژە یاسای پاراستنی یەكێتی گەل و خاكی كوردستان ـ عێراق. | دانیشتنی ژمارە (٢١)ی ئاسایی<br>رۆژی ٢٠١٤/١٢/٣١ | ١. لیژنەی یاسایی | — | راپۆرتی لەسەر نەنوسراوە |
| 113 | پرۆژە یاسای دانانی نۆرینگەی پزیشكی ددان لە قوتابخانە بنەڕەتیەكان. | دانیشتنی ژمارە (٢١)ی ئاسایی<br>رۆژی ٢٠١٤/١٢/٣١ | ١. لیژنەی یاسایی<br>٢. لیژنەی تەندروستی<br>٣. لیژنەی پەروەردە | لیژنەی تەندروستی | راپۆرتی لەسەر نەنوسراوە |
| 114 | پرۆژە یاسای هەمواركردنی سێیەمی یاسای پارێزەرایەتی ژمارە (١٧)ی ساڵی ١٩٩٩. | دانیشتنی ژمارە (٢١)ی ئاسایی<br>رۆژی ٢٠١٤/١٢/٣١ | ١. لیژنەی یاسایی | — | راپۆرتی لەسەر نەنوسراوە |
| 115 | پرۆژە بڕیاری تایبەت بە هەمواركردنی موچەی پلە تایبەتیەكانی هەرسێ سەرۆكایەتی پەرلەمان و ئەنجومەنی وەزیران و سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان و فەرمانگەكانیان. | دانیشتنی ژمارە (٢١)ی ئاسایی<br>رۆژی ٢٠١٤/١٢/٣١ | ١. لیژنەی یاسایی<br>٢. لیژنەی دارایی | — | راپۆرتی لەسەر نەنوسراوە |

**خشتەی ژمارە (١١)**

## ئاستی کاری پرۆژە یاساکان لە پەرلەمان

| ژ | بابەت | ژمارەی پرۆژە | ٪ |
|---|---|---|---|
| ١ | ئەو پرۆژە یاسایانەی کراون بە یاساو پەسەند کراون | ١٣ | ١١,١ |
| ٢ | ئەو پرۆژە بڕیارانەی پەسەند کراون | ٣ | ٢,٦ |
| ٣ | ئەو پرۆژانەی راپۆرتیان لەسەر نوسراوەو ئامادەن بۆ گفتوگۆ | ٥ | ٤,٣ |
| ٤ | ئەو پرۆژانەی راپۆرتیان لەسەر نوسراوەو پابەندبوونی داراییان هەیەو حکومەت وەلامی نەداوەتەوە | ٣ | ٢,٦ |
| ٥ | ئەو پرۆژانەی راپۆرتیان لەسەر نەنوسراوە بۆ سەرۆکایەتی و ئامادە نەکراون بۆ گفتوگۆ | ٩٣ | ٧٩,٥ |
| | **سەرجەم** | **١١٧**[١] | **١٠٠** |

لەماوەی تەمەنی پەرلەماندا لە خولی چوارەم تا ئێستا، (١١٥) پرۆژە یاساو بڕیار پێشکەش کراون، لە کۆی ئەم پرۆژانە لە سەرەتای دەستبەکار بوونی پەرلەمانەوە (١٣) دانەیان کراون بە یاسا، هەندێك لەوانە هەیانە دوو پرۆژە یا زیاتر بوون و لێکدراون کراون بە یەك یاسا، (هەروەك لە خشتەکەدا دیاریکراوە)، هەروەها (٣) بڕیاریش دەرچووە، (٥) پرۆژەش راپۆرتی لیژنەکانیان لەسەر نوسراوەو ئامادەن بۆ گفتوگۆ، (٣) پرۆژەش دوای ئەوەی راپۆرتی لیژنەی پەیوەندیداریان لەسەر نوسراوەو بۆ حکومەت ناردراون و لەبەرئەوەی پابەندبوونی داراییان تیایە پێویستیان بە رەزامەندی حکومەت هەیە، بەلام حکومەت وەلامی پەرلەمانی نەداوەتەوە. (٩٣) پرۆژەش تا ئێستا راپۆرتیان لەسەر نەنوسراوە بۆ سەرۆکایەتی کاریان لەسەر نەکراوە.

لەم خولە شەش مانگیەشدا تەنها (٤) یاسا پەسەند کراون کە ئەمانەن:

١. یاسای ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠١٤– یاسای زمانە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق.[٢]

٢. یاسای ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠١٤– یاسای هەمواری یەکەمی یاسای دەستەی گشتیی دەستپاکیی لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١١.[٣]

---

[١]- کۆی پرۆژە یاساو بڕیارەکان (١١٥)ە، بەلام لە کۆی ئەو (٣) بڕیارەی دەرچوون (٢) دانەیان پرۆژەکانیان لەنێو هۆلی پەرلەماندا لە ئەنجامی گفتوگۆی ئەندامان لەکاتی دانیشتنەکەدا ئامادەکراون و بۆیە بووە بە (١١٧) پرۆژە.

(2)–یاسای زمانە فەرمیەکان لەئەنجامی نەشارەزایی ئەندامانی پەرلەمانەوە لە کرۆکی بابەتەکە، لەکاتی پەسەندکردندا بەکەموکورییەوە تێپەڕێنرا، ئێستا کە ماوەی ساڵێکە یاساکەش دەرچووە بەلام نەچۆتە بواری جێبەجێکردنەوە، چونکە هیچ لایەن و دەزگایەك بەرپرس نەکراوە لە جێبەجێکردن و بەدواداچوونی.

(3)– ئەم یاسایە سەرەتا کاری نایاسایی لە خوێندنەوەی یەکەمیدا بوو، ئەو خوێندنەوەیەی لە دانیشتنی دانیشتنی ژمارە (٢)ی رۆژی ٢٠١٤/٩/٢٣ بۆی کرا لەلایەن خودی دەستەی دەستپاکیەوە نێردرا بوو، ئەمەش کارێکی نایاسایی بوو چونکە دەستە بۆی نیە پرۆژە یاسا ئاراستەی پەرلەمان بکات. هەر بۆیە جارێکیتر لە دانیشتنی ژمارە (٧)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٤/١٠/٢٢ بۆ

٣. یاسای ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠١٤ یاسای هەمواری دەیەمی یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ـ عێراق ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو.[٤]


٤. یاسای ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠١٤ی یاسای هەمواری یەکەمی یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی.[٥]

هەروەها لەماوەی ئەم شەش مانگەدا (٣) بڕیاریش دەرچووە، کە ئەمانەن:

١– بڕیاری ژمارە (٢٣) ی سالی ٢٠١٤ بڕیاری ناونانی پارێزگای هەڵەبجە بە پایتەختی ئاشتی کوردستان ـ عێراق.

٢–بڕیاری ژمارە (٢٤) ی سالی ٢٠١٤ بڕیاری پاڵپشتی کردنی گەلی رۆژئاوای کوردستان لە هەر شێوازێکی خۆبەڕێوەبردن.

٣–بڕیاری ژمارە (٢٨)ی سالی ٢٠١٤ تایبەت بە ناردنی هێزی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان بۆ بەرگری لە کۆبانێ.




---

دووەم جار خوێندنەوەی یەکەم بۆ هەمان پرۆژە کرایەوە کە ئەمجارەیان بە ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەشکرابوو، یاساکە پەسەند کراو ناڕەزایی لێکەوتەوە، بۆیە سەرۆکی هەرێم رەتی کردەوەو دواتر لە پەرلەمان دووبارە پەسەندکرایەوە.

(4)– ئەم یاسایە تەنها زیادکردنی پۆستی وەزیرێکی هەرێم (وەزیری بێ وەزارەت) بوو بۆ سەر ستافی ئەنجومەنی وەزیران بۆ رازیکردنی لایەنێکی سیاسی کە پرۆژەکە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە ناردرابوو.


(5)– ئەم یاسایە لەکاتی گفتوگۆکردنی بەمەبەستی پەسەندکردن لەلایەن پەرلەمانەوە، دەبوایە وەزیری خوێندنی بالاو توێژینەوەی زانستی ئامادەی گفتوگۆکە بێت، بەلام بەڕێزیان سەربارى ئەوەی لەلایەن پەرلەمانەوە ئاگاداریش کرابوونەوە، پێشێلی یاسایانکرد و ئامادەی دانیشتنەکە نەبوون، بەپێی بەدواداچوونمان بەڕێزیان لەسەر داوای سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران نەچۆتە پەرلەمان، سەربارى ئەوەی ئەم یاسایە پەسەندکراوە بەلام تا ئێستاش نە رێنمایی بۆ دەرچووەو و نەچۆتە بواری جێبەجێکردنیشەوە.

## خشتەی ژمارە (١٢)

## ئاستی کاری لیژنەکان لەسەر ئەو پرۆژانەی ئاراستەیان کراوە

| ژ | ناوی لیژنە | ژمارەی پرۆژە یاسا کە ئاراستەی لیژنە کراوە | ژمارەی ئەو پرۆژانەی راپۆرتیان لەسەر نوسراوە | ئاستی کارکردنی لیژنەکان ٪ |
|---|---|---|---|---|
| ١ | لیژنەی کاروباری یاسایی. | ١١٥ | ٣١ | ٢٧,٠ |
| ٢ | لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری. | ٣٨ | ١٠ | ٢٦,٣ |
| ٣ | لیژنەی ناوخۆ و ئاسایش. | ١٤ | ٧ | ٥٠,٠ |
| ٤ | لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری. | ٤ | ٣ | ٧٥,٠ |
| ٥ | لیژنەی داکۆکی کردن لە مافەکانی ئافرەت. | ٧ | ٠ | ٠,٠ |
| ٦ | لیژنەی پەروەردە و فێرکردنی باڵا. | ٨ | ٢ | ٢٥,٠ |
| ٧ | لیژنەی کاروباری تەندروستی و ژینگە. | ٩ | ٥ | ٥٥,٦ |
| ٨ | لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و منداڵ و خێزان. | ١٥ | ٥ | ٣٣,٣ |
| ٩ | لیژنەی ئاوەدانکردنەوە. | ٣ | ١ | ٣٣,٣ |
| ١٠ | لیژنەی پەیوەندییەکان و رۆشنبیریی و راگەیاندن. | ٦ | ٣ | ٥٠,٠ |
| ١١ | لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئایینی. | ٨ | ٧ | ٨٧,٥ |
| ١٢ | لیژنەی کاروباری پێشمەرگە وشەهیدان وقوربانیانی جینۆساید. | ١٢ | ١ | ٨,٣ |
| ١٣ | لیژنەی مافەکانی مرۆڤ. | ١٥ | ٥ | ٣٣,٣ |
| ١٤ | لیژنەی پیشەسازی و وزە وسەرچاوە سروشتیەکان. | ٧ | ٥ | ٧١,٤ |
| ١٥ | لیژنەی خزمەتگوزاریەکانی شارەوانی. | ٢ | ١ | ٥٠,٠ |
| ١٦ | لیژنەی پاراستنی مافی بەکاربەر. | ٢ | ٠ | ٠,٠ |
| ١٧ | لیژنەی وەرزش و لاوان. | ٠ | ٠ | ٠,٠ |
| ١٨ | لیژنەی دەسپاکی (نەزاهەت). | ٢ | ١ | ٥٠,٠ |
| ١٩ | لیژنەی کاروباری کۆمەڵی مەدەنی. | ٤ | ٢ | ٥٠,٠ |
| ٢٠- | لیژنەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم. | ٠ | ٠ | ٠,٠ |
| ٢١- | لیژنەی کاروباری پەرلەمان. | ٢ | ١ | ٥٠,٠ |
| ٢٢- | لیژنەی پەیوەندییەکان و رەوەندی کوردی. | ١ | ٠ | ٠,٠ |
| | **سەرجەم** | ٢٧٤ | ٩٠ | ٣٢,٨ |

### ئاستی کاری لیژنەکان لەسەر ئەو پرۆژانەی ئاراستەیان کراوە



## تێبینییەكان سەبارەت بە خشتەی ژمارە (١٢):

**یەكەم**: لیژنەكان سستن لە نوسینەوەی راپۆرت لەسەر پرۆژە یاساكان، بەپێی برگەی (٤) لە مـادەی (٧١)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان، دەبێت لیژنەی پەیوەندیدار لەماوەی (١٠) رۆژدا راپۆرت سەبارەت بە پرۆژە یاساكە بنوسن و بۆ سەرۆكایەتی پەرلەمانی بەرز بكەنەوە، بەلام ئەوەی لەخشتەی سـەرەوەدا تێبینـی دەكرێـت، لیژنـەكان بـەم كـارە هەلنەسـتاون و پێـشێلی پـەیڕەویان كـردووەو راپۆرتیـان نەنوسـیوە ئەمـەش هۆكارێكی سستیی پەرلەمان و پەسەندنەكردنی یاساكانە.(٦)

**دووەم**: لیژنە هەمیشەییەكانی پەرلەمان لەسەرەتای دەستبەكار بوونیانەوە، لەكۆی ئەو پرۆژانەی ئاراستەیان كراوە، دەبوایە (٢٦٥) راپۆرتیان بنوسیایە، بەلام بەهەموویانـەوە تـەنها (٩٠) راپۆرتیـان نوسـیوەو تـا ئێستا (١٧٥) راپۆرت دوواكەوتووە.

**سێیەم**: نەنوسینی راپۆرتیش لەلایەن لیژنەكانەوە بۆ ئەم هۆكارانە دەگەڕێتەوە:

١-سستی لیژنەكان.

٢-ناپرۆفیشنالیی ئەندامەكان و نەشارەزاییان لە پرۆژە یاساكان.

٣-لاوازی پرۆژە یاساكان.

٤-ململانێی سیاسیی نێوان فراكسیۆنەكان.

٥-درەنگ وەلامدانەوەی حكومەت بۆ هەندێك پرۆژە یاسا كاتێك داوای وەرگرتنی رایان لێدەكرێت.

**چوارەم**: سەبارەت بە كارایی و سستیی لیژنەكان و بەراوردیان، دەكرێت لە خـشتەی سـەرەوەدا ئاسـتی هـەر لیژنەیەك بكەوێتە بەرچاو و دیاری بكرێت.

(6)-لە برگەی (٤) لە مادەی (٧١)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستاندا هاتووە:راپۆرتێكی هاوبەش لەهەردوو لیژنەكەوە بەرز دەكرێتەوە دووای دارشتنی لەلایەن لیژنەی یاساوە ئەویش دوای (١٠) رۆژ لەمێژووی هاتنی بۆ هەردوو لیژنەكە، ئەگەر داوایان لێنەكرێ كە بەشێوەیەكی بەپەلە سەیری بكەن، لەوكاتەشدا لەماوەی (٥) رۆژدا پێشكەش دەكرێ.

## خشتەی ژمارە (١٣)

## سروشتی ژمارەی ئەندامان لە لیژنەکاندا بە پێی بڕوانامە

| ژ | لیژنە | دکتۆرا | % | ماستەر | % | بەکالۆریۆس | % | خوار زانکۆیی | % | سەرجەم |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | لیژنەی کاروباری یاسایی. | ٢ | ١٨,٢ | ٢ | ١٨,٢ | ٧ | ٦٣,٦ | ٠ | ٠,٠ | ١١ |
| ٢ | لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری. | ٣ | ٣٠,٠ | ١ | ١٠,٠ | ٦ | ٦٠,٠ | ٠ | ٠,٠ | ١٠ |
| ٣ | لیژنەی ناوخۆ و ئاسایش. | ٠ | ٠,٠ | ٠ | ٠,٠ | ٦ | ٥٤,٥ | ٥ | ٤٥,٥ | ١١ |
| ٤ | لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری. | ٠ | ٠,٠ | ٠ | ٠,٠ | ١ | ١٠,٠ | ٩ | ٩٠,٠ | ١٠ |
| ٥ | لیژنەی داکۆکی کردن لە مافەکانی ئافرەت. | ٠ | ٠,٠ | ١ | ١٤,٣ | ٢ | ٢٨,٦ | ٤ | ٥٧,١ | ٧ |
| ٦ | لیژنەی پەروەردە و فێرکردنی باڵا. | ٥ | ٤٥,٥ | ٣ | ٢٧,٣ | ٣ | ٢٧,٣ | ٠ | ٠,٠ | ١١ |
| ٧ | لیژنەی کاروباری تەندروستی و ژینگە. | ٣ | ٣٣,٣ | ٢ | ٢٢,٢ | ٢ | ٢٢,٢ | ٢ | ٢٢,٢ | ٩ |
| ٨ | لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و منداڵ و خێزان. | ١ | ١٠,٠ | ٢ | ٢٠,٠ | ٦ | ٦٠,٠ | ١ | ١٠,٠ | ١٠ |
| ٩ | لیژنەی ئاوەدانکردنەوە. | ٠ | ٠,٠ | ٠ | ٠,٠ | ٥ | ٧١,٤ | ٢ | ٢٨,٦ | ٧ |
| ١٠ | لیژنەی پەیوەندییەکان و رۆشنبیری و راگەیاندن. | ٠ | ٠,٠ | ١ | ١٦,٧ | ٢ | ٣٣,٣ | ٣ | ٥٠,٠ | ٦ |
| ١١ | لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئایینی. | ٣ | ٤٢,٩ | ٢ | ٢٨,٦ | ١ | ١٤,٣ | ١ | ١٤,٣ | ٧ |
| ١٢ | لیژنەی کاروباری پێشمەرگە وشەهیدان وقوربانیانی جینۆساید. | ١ | ٩,١ | ٠ | ٠,٠ | ٦ | ٥٤,٥ | ٤ | ٣٦,٤ | ١١ |
| ١٣ | لیژنەی مافەکانی مرۆڤ. | ٢ | ٢٠,٠ | ٣ | ٣٠,٠ | ٣ | ٣٠,٠ | ٢ | ٢٠,٠ | ١٠ |
| ١٤ | لیژنەی پیشەسازی و وزە وسەرچاوە سروشتیەکان. | ٣ | ٢٧,٣ | ١ | ٩,١ | ٧ | ٦٣,٦ | ٠ | ٠,٠ | ١١ |
| ١٥ | لیژنەی خزمەتگوزاریەکانی شارەوانی. | ١ | ١٠,٠ | ١ | ١٠,٠ | ٧ | ٧٠,٠ | ١ | ١٠,٠ | ١٠ |
| ١٦ | لیژنەی پاراستنی مافی بەکاربەر. | ١ | ١٦,٧ | ٠ | ٠,٠ | ٣ | ٥٠,٠ | ٢ | ٣٣,٣ | ٦ |
| ١٧ | لیژنەی وەرزش و لاوان. | ١ | ١٤,٣ | ٠ | ٠,٠ | ٣ | ٤٢,٩ | ٣ | ٤٢,٩ | ٧ |
| ١٨ | لیژنەی دەسپاکی (نەزاهەت). | ١ | ١٠,٠ | ٥ | ٥٠,٠ | ٤ | ٤٠,٠ | ٠ | ٠,٠ | ١٠ |
| ١٩ | لیژنەی کاروباری کۆمەڵەی مەدەنی. | ٢ | ٢٢,٢ | ٠ | ٠,٠ | ٦ | ٦٦,٧ | ١ | ١١,١ | ٩ |
| ٢٠ | لیژنەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم. | ٠ | ٠,٠ | ٠ | ٠,٠ | ٦ | ٦٦,٧ | ٣ | ٣٣,٣ | ٩ |
| ٢١ | لیژنەی کاروباری پەرلەمان. | ٠ | ٠,٠ | ٠ | ٠,٠ | ٦ | ٦٦,٧ | ٣ | ٣٣,٣ | ٩ |
| ٢٢ | لیژنەی پەیوەندییەکان و رەوەندی کوردی | ١ | ١٠,٠ | ١ | ١٠,٠ | ٣ | ٣٠,٠ | ٥ | ٥٠,٠ | ١٠ |
| | کۆی گشتی | ٣٠ | ١٤,٩ | ٢٥ | ١٢,٤ | ٩٥ | ٤٧,٣ | ٥١ | ٢٥,٤ | ٢٠١ |

## تێبینیەکان سەبارەت بە خشتەی ژمارە (١٣):

١–لە بەشێکی زۆر لە لیژنەکاندا پسپۆری بوونی ئەندامان رەچاو نەکراوە، ئەمەش هۆکارێکە کە لە مێژووی پەرلەمانی کوردستاندا تا ئێستا (لەم خولەدا) زۆرترین ئەندام لیژنەکانی خۆیان گۆڕیوە.[٧]

٢–بوون بە ئەندام لە لیژنەکاندا بە دەنگدانی پەرلەمان دەبێت، هەموو دەنگدانێکیش لەسەر بابەتێکی لەم شێوەیە پێویستی بە بڕیاری پەرلەمان هەیە، کە پێویستە بە فەرمی بنوسرێت و لە رۆژنامەی (وەقائیعی کوردستان)دا بلاو بکرێتەوە، بەلام لەماوەی ئەم شەش مانگەدا سەربارى ئەوەی گۆڕانکاریی زۆر لە لیژنەکاندا کراوەو لە پەرلەماندا دەنگی لەسەر دراوە، بەلام هیچ بڕیارێك دەرنەچووەو بلاو نەکراوەتەوە.[٨]

٣–لەدابەشکردنی ئەندامان بەسەر لیژنەکاندا گرنگیی لیژنەکان لەبەر چاو نەگیراوە، هەندێك لیژنە گرفتی کەمیی ئەندامیان هەیە، چونکە کەمترین ئەندام رویان تێدەکات، بۆ نمونە لیژنەکانی (وەرزش و لاوان، پەیوەندییەکان و رۆشنبیریی و راگەیاندن، داکۆکی کردن لە مافەکانی ئافرەت، پاراستنی مافی بەکاربەر، ئاوەدانکردنەوە)، ئەمەو لەکاتێکدا پەرلەمانتار هەیە لە (٣) لیژنەدا ناوی هەیە کە ئەمەش پێچەوانەی پەیڕەوی ناوخۆیە، پەرلەمانتاریش هەیە لە یەك لیژنەیە و پەرلەمانتاریش هەیە لە هیچ لیژنەیەك ئەندام نیە.[٩]

٤–دابەشبوونی ئەندامان بەسەر لیژنەکاندا بەم شێوەیەیە:

---

(٧) – لە مادەی (٣٧)ی پەیڕەوی ناوخۆدا هاتووە: لیژنە بەردەوامەکان لە یەکەمین خولی گرێدراو لەدوای هەڵبژاردنی پەرلەمان پێکدەهێنرێت و لە پێکهێنانەکەشی خواست و پسپۆری ئەندامەکە رەچاو دەکرێت.

(٨) – لە برگەی (١)ی مادەی (٣٩)ی پەیڕەوی ناوخۆدا هاتووە: دەستەی سەرۆکایەتی ئەندامەکان بەسەر لیژنەکاندا دابەش دەکات بەمەرجێك بەپێی تواناو پسپۆری ئەندام و خواستەکەو پێویستی لیژنەکان رەچاو بکات و ئینجا پرسەکە دەخرێتە بەردەم پەرلەمان بۆ رەزامەندی لەسەر دان و لە حالەتی رازی نەبوونی پەرلەمان لەسەر لیژنەیەکی دیاریکراو پەنا دەبرێتە بەر هەلبژاردنی.

(٩) – لە برگەی (٢)ی مادەی (٣٩)ی پەیڕەوی ناوخۆدا هاتووە: ناکرێت ئەندامێتی زیاتر لە دوو لیژنەی بەردەوام کۆبکرێتەوە، هەروەها ناکرێت ئەندامێتی ئەنجومەنی وەزیران و ئەندامێتی لیژنە بەردەوامەکانی پەرلەمان کۆبکرێنەوە.

أ–ژمارەی ئەو ئەندامانەی لە هیچ لیژنەیەك نین: (١) ئەندام.

ب–ژمارەی ئەو ئەندامانەی لە یەك لیژنە ئەندامن: (١٥) ئەندام.

ج–ژمارەی ئەو ئەندامانەی لە دوو لیژنە ئەندامن: (٩٠) ئەندام.

د–ژمارەی ئەو ئەندامانەی لە سێ لیژنە ئەندامن: (١) ئەندام. (١٠)

٥–كاتێك بەراوردی پسپۆری و بڕوانامەكان دەكرێت لە لیژنەكاندا، نایەكسانیەكی زۆر هەیە، (هەروەك لە خشتەی سەرەوەدا دەردەكەوێت)، هەندێك لە لیژنەكان سستییان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە ئەندامەكانی كەمتر پسپۆر و شارەزان.

---

(١٠) – لە راپۆرتی پێشووماندا دەستنیشانی گرفتی ئەندامبوونی لیژنەكانمان كردبوو، بەلام سەرۆكایەتی پەرلەمان لەو ماوەیەدا دیارە تا ئاستێكی باش گرفتەكانی كەم كردۆتەوە، كە لە شەش مانگی پێشووتردا بەم شێوەیە بوو:
١–ژمارەی ئەو ئەندامانەی لە هیچ لیژنەیەكدا ناویان نەهاتووە، (١) ئەندام.
٢–ژمارەی ئەو ئەندامانەی تەنها لە یەك لیژنەدا ناویان هاتووە ، (٧) ئەندام.
٣–ژمارەی ئەو ئەندامانەی لە دوو لیژنەدا ناویان هاتووە ، (٦٢) ئەندام.
٤– ژمارەی ئەو ئەندامانەی لە سێ لیژنەدا ناویان هاتووە ، (٣٤) ئەندام.
٥– ژمارەی ئەو ئەندامانەی لە چوار لیژنەدا ناویان هاتووە ، (٤) ئەندام.

## خشتەی ژمارە ( ١٤ )

## ئامادە بوونی ئەندامان لە کۆبوونەوەکانی لیژنەکانی پەرلەمان خولی دووەمی ٢٠١٤

| ژ | ناوی لیژنە | ژ.ئەندامانی لیژنە | ژ. کۆبوونەوەی لیژنە لەماوەی شەش مانگ کەپێویست بوو بکرێن | ژ. کۆبوونەوەی لیژنە لەماوەی شەش مانگ | ئامادە نەبوان: بە مۆلەت و غیابەوە لەماوەی شەش مانگ | ئەو کۆبوونەوانەی بڕیاربووە بکرێن و نەکراون | ڕێژەی ئەوکۆبەنەوانەی کەکراون بەپێی ی لیژنەکان ٪ | ڕێژەی ٪ ئامادەنەبوونی ئەندامان بەپێی ی لیژنەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | لیژنەی کاروباری یاسایی. | ١١ | | | | | | |
| ٢ | لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری. | ١٠ | ١٣ | ١٠ | ١٨ | ٣ | ٧٦,٩ | ١٨ |
| ٣ | لیژنەی ناوخۆ و ئاسایش. | ١١ | ٩ | ٧ | ١٢ | ٢ | ٧٧,٨ | ١٥،٦ |
| ٤ | لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری. | ١٠ | ٩ | ٨ | ١٣ | ١ | ٨٨,٩ | ١٦،٣ |
| ٥ | لیژنەی داکۆکی کردن لە مافەکانی ئافرەت. | ٧ | ١٠ | ٧ | ٩ | ٣ | ٧٠,٠ | ١٨،٤ |
| ٦ | لیژنەی پەروەردە و فێرکردنی باڵا. | ١١ | ١٠ | ٧ | ١٢ | ٣ | ٧٠,٠ | ١٥،٦ |
| ٧ | لیژنەی کاروباری تەندروستی و ژینگە. | ٩ | ١٣ | ٥ | ٣ | ٨ | ٣٨,٥ | ٦،٧ |
| ٨ | لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و منداڵ و خێزان. | ١٠ | ١١ | ٨ | ١٤ | ٣ | ٧٢,٧ | ١٧،٥ |
| ٩ | لیژنەی ئاوەدانکردنەوە. | ٧ | ٩ | ٦ | ٣ | ٣ | ٦٦,٧ | ٧،١ |
| ١٠ | لیژنەی پەیوەندییەکان و ڕۆشنبیریی و ڕاگەیاندن. | ٦ | ٩ | ٧ | ٦ | ٢ | ٧٧,٨ | ١٤،٣ |
| ١١ | لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئایینی. | ٧ | ٨ | ٨ | ١٣ | ٠ | ١٠٠,٠ | ٢٣،٢ |
| ١٢ | لیژنەی کاروباری پێشمەرگە وشەهیدان وقوربانیانی جینۆساید. | ١١ | ١١ | ٩ | ١٦ | ٢ | ٨١,٨ | ١٦،٢ |
| ١٣ | لیژنەی مافەکانی مرۆڤ. | ١٠ | ١٠ | ٦ | ٩ | ٤ | ٦٠,٠ | ١٥ |
| ١٤ | لیژنەی پیشەسازی و وزە وسەرچاوە سروشتیەکان. | ١١ | ٥ | ٥ | ٩ | ٠ | ١٠٠,٠ | ١٦،٤ |
| ١٥ | لیژنەی خزمەتگوزاریەکانی شارەوانی. | ١٠ | ١٠ | ٥ | ١١ | ٥ | ٥٠,٠ | ٢٢ |
| ١٦ | لیژنەی پاراستنی مافی بەکاربەر. | ٦ | ٨ | ٥ | ٥ | ٣ | ٦٢,٥ | ١٦،٧ |
| ١٧ | لیژنەی وەرزش و لاوان. | ٧ | ٨ | ٤ | ٦ | ٤ | ٥٠,٠ | ٢١،٤ |
| ١٨ | لیژنەی دەسپاکی (نەزاهەت). | ١٠ | ٨ | ٤ | ٨ | ٤ | ٥٠,٠ | ٢٠ |
| ١٩ | لیژنەی کاروباری کۆمەڵی مەدەنی. | ٩ | ٨ | ٥ | ٨ | ٣ | ٦٢,٥ | ١٧،٨ |
| ٢٠ | لیژنەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم. | ٩ | ٥ | ٤ | ٨ | ١ | ٨٠,٠ | ٢٢،٢ |
| ٢١ | لیژنەی کاروباری پەرلەمان. | ٩ | ٣ | ٢ | ٣ | ١ | ٦٦,٧ | ١٦،٧ |
| ٢٢ | لیژنەی پەیوەندییەکان و رەوەندی کوردی. | ١٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠,٠ | ٠ |
| | سەرجەم | ٢٠١ | ١٧٧ | ١٢٢ | ١٨٦ | ٥٥ | ٦٨,٩ | ٣١,١ |

## تێبینیەکان سەبارەت بە خشتەی ژمارە (١٤):

١- لەماوەی شەش مانگدا لیژنەکانی پەرلەمان (١٢٢) کۆبوونەوەیان کردووە، لە کۆی ئەو کۆبوونەوانەدا (١٨٦) جار ئەندامان ئامادە نەبوون. هەروەها بەپێی خشتەی دانراوی سەرۆکایەتی پەرلەمان بۆ کۆبوونەوەی لیژنەکان (٥٥) کۆبوونەوە کە بڕیار بووە بکرێت، ئەنجام نەدراون یا دواخراون.[١١]

٢- لیژنەی یاسایی: وردەکاری کۆبوونەوەکانمان دەست نەکەوت.

٣- لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری: دوو کۆبوونەوە ئەنجام نەدراوە.

٤- لیژنەی ناوخۆ و ئاسایش: دوو کۆبوونەوە ئەنجام نەدراوە.

٥- لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری: یەك کۆبوونەوە ئەنجام نەدراوە.

٦- لیژنەی داکۆکی کردن لە مافەکانی ئافرەت: سێ کۆبوونەوە ئەنجام نەدراوە.

٧- لیژنەی پەروەردە و فێرکردنی باڵا: سێ کۆبوونەوە ئەنجام نەدراوە.

٨- لیژنەی کاروباری تەندروستی و ژینگە: هەشت کۆبوونەوە ئەنجام نەدراوە.

٩- لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی: سێ کۆبوونەوەی ئەنجام نەداوە. یەك کۆبوونەوەش غیابی وەرنەگرتووە.

١٠- لیژنەی ئاوەدانکردنەوە: سێ کۆبوونەوە ئەنجام نەدراوە.

١١-لیژنەی پەیوەندییەکان و رۆشنبیریی و راگەیاندن: دوو کۆبوونەوە ئەنجام نەدراوە.

١٢-لیژنەی کاروباری پێشمەرگە وشەهیدان وقوربانیانی جینۆساید: دوو جار کۆبوونەوە دواخراوە.

١٣- لیژنەی مافەکانی مرۆڤ: چوار کۆبوونەوەی ئەنجام نەداوە، دوو کۆبوونەوەش غیابی وەرنەگرتووە.

١٤-لیژنەی خزمەتگوزارییەکانی شارەوانی: پێنج کۆبوونەوە ئەنجام نەدراوە، دوو کۆبوونەوە بەهۆی ئەوەی هیچ دۆسیەیەك نەبوو قسەی لەسەر بکەن.

١٥-لیژنەی پاراستنی مافی بەکاربەر: سێ کۆبوونەوە ئەنجام نەدراوە.

١٦- لیژنەی وەرزش و لاوان: چوار کۆبوونەوە ئەنجام نەدراوە لەبەر ئەوەی بابەت نەبوو!!

١٧- لیژنەی دەسپاکی (نەزاهەت): چوار کۆبوونەوە ئەنجام نەدراوە.

١٨- لیژنەی کۆمەڵی مەدەنی: سێ جار کۆبوونەوە ئەنجام نەدراوە، لە یەك کۆبوونەوەش غیاب وەرنەگیراوە.

١٩- لیژنەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم: یەك کۆبوونەوە ئەنجام نەدراوە.

٢٠- لیژنەی کاروباری پەرلەمان: یەك کۆبوونەوە ئەنجام نەدراوە. بەهۆی نەبوونی بابەت.

٢١-لیژنەی پەیوەندییەکان و رەوەندی کوردی: هیچ کۆبوونەوەیەکی ئەنجام نەداوە.


---


(١١) – سەرجەم ئەو داتاو زانیارییانە لە پرۆتۆکۆلی دانیشتنەکانی پەرلەمان وەرگیراون کە لە کۆبوونەوەکانی پەرلەماندا خوێندراونەتەوەو بەپێی خشتەی ئامادەکراوی سەرۆکایەتی پەرلەمان کۆبوونەوەکانی لیژنەکان دەستنیشانکراون.

## خشتەی ژمارە (١٥)

## بانگهێشت و میوانداری وەزیرەکان لە لایەن پەرلەمانەوە

| ژ | وەزیر | مێـــــــــژووی داواکاری | مێژووی ئامادە بوون | لایەنی داواکار | هۆکاری بانگ کردن | ئەو مادەیەی پەیرەو کە پێی بانگکراوە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | وەزیری سامانە سروشتیەکان | ٢٠١٤/٩/٧ | ئامادە نەبوو | فراکسیۆنی یەکگرتو | کێشەی سوتەمەنی | بەپێی خاڵی (٢) لە برگەی (دووەم)ی ماددەی (٥٤) لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو |
| ٢ | ئەنجومەنی نەوت و گازی هەرێم | ٢٠١٤/٩/٩ | ئامادە نەبوون | ژمارەی ئەندامان | بەنزین | بەپێی خاڵی (٢) لە برگەی (دووەم)ی ماددەی (٥٤) لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو |
| ٣ | وەزیری پەروەردە | | ٢٠١٤/١٠/٢١ | لەسەر داوای وەزیر | گفتوگۆ لەسەر گرفتەکانی پەروەردە | بە پێی برگەی (١)ی ماددەی (٥٣) لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو |
| ٤ | ئەنجومەنی نەوت و گازی هەرێم:<br>١-سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران<br>٢-جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران<br>٣-وەزیری دارایی<br>٤-وەزیری سامانە سروشتیەکان<br>٥-وەزیری پلاندانان | ٢٠١٤/١٠/٢٢ | ٢٠١٤/١١/١٠ | ژمارەی ئەندامان | سیاسەتی وزە | بەپێی خاڵی (٢) لە برگەی (دووەم)ی ماددەی (٥٤) لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو |
| ٥ | وەزیری دارایی<br>وەزیری سامانە سروشتیەکان | ٢٠١٤/١١/٢ | ئامادە نەبوو | ژمارەی ئەندامان | پشکی هەرێم لە بودجەی عیراق | بەپێی خاڵی (٢) لە برگەی (دووەم)ی ماددەی (٥٤) لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو |
| ٦ | سەرۆکی دەستەی ناوچە کوردستانیە جێ ناکۆکەکان | | ٢٠١٤/١١/١٩ | | قسە کردن لەسەر دۆخی ناوچە کوردستانیە جێ ناکۆکەکان | لەبەرنامەی کاردا نەهاتووە بەپێی کام مادەی پەیرەوی ناوخۆ ئامادە بووە. |
| ٧ | وەزیری پەروەردە<br>وەزیری خوێندنی باڵا | ٢٠١٤/١١/٢١ | ئامادە نەبوون | ژمارەی ئەندامان | دامەزراندن، وەرگرتنی خوێندکاران، دستوەردانی حزبی | بەپێی خاڵی (٢) لە برگەی (دووەم)ی ماددەی (٥٤) لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو |
| ٨ | وەزیری کارەبا | ٢٠١٤/١٢/١٠ | ٢٠١٤/١٢/٢٣ | ژمارەی ئەندامان | قەیرانی کارەبا | بەپێی خاڵی (٢) لە برگەی (دووەم)ی ماددەی (٥٤) لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو |
| ٩ | وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو | | پێنج شەممە ٢٠١٤/١٢/١٨<br>سێ شەممە ٢٠١٤/١٢/٢٣ | لەسەر داوای وەزیر | گفتوگۆ لەسەر دۆخی کشتوکاڵی هەرێم | بەپێی برگەی (١) لە ماددەی (٥٣) لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو |


ڕێژەی ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران کە لەلایەن پەرلەمانەوە بانگ کراون
%٢٧
%٧٣
ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران بە گشتی
ئەو وەزیرانەی لەلایەن پەرلەمانەوە بانگهێشتکراون


ڕێژەی بانگهێشتی وەزیرەکان و ئامادەبوونیان لە پەرلەمان
%٤٤
%٥٦
ئەو وەزیرانەی بانگهێشتکراون و چوونەتە پەرلەمان
ئەو وەزیرانەی بانگهێشتکراون و نەچوونەتە پەرلەمان

## تێبینیەکان سەبارەت بە خشتەی ژمارە ( ١٥ ):

١-لەلایەن پەرلەمانەوە (٦) وەزیر لەلایەن پەرلەمانتارانەوە بەپێی خاڵی (٢) لە برگەی (دووەم)ی ماددەی (٥٤) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، داواکراون بچنە پەرلەمان، لەوانە تەنها (وەزیری کارەبا) ئامادە بوو و وەزیرەکانی (سامانە سروشتیەکان) دوو جار و (دارایی) و (پەروەردە) و (خوێندنی باڵا) ئامادەی دانیشتنی پەرلەمان نەبوون.

٢-دوو جار لەلایەن ئەندامانەوە داوای ئامادە بوونی (ئەنجومەنی نەوت و گازی هەرێم) کراوە کە پێکهاتووە لە (سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، وەزیری دارایی، وەزیری سامانە سروشتیەکان، وەزیری پلاندانان)، بەپێی خاڵی (٢) لە برگەی (دووەم)ی ماددەی (٥٤) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، بەلام تەنها یەك جار ئامادە بوون.

٣-هەردوو وەزیری (پەروەردە) و (کشتوکال) بەپێی برگەی (١) لە ماددەی (٥٣) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، لەسەر داوای خۆیان چوونەتە پەرلەمانەوە.

٤-لەو دەستانەش کە پەیوەستن بە پەرلەمانەوە تەنها (سەرۆکی دەستەی ناوچە کوردستانیە جێ ناکۆکەکان) لە هۆڵی پەرلەمان ئامادە بووە.

٥-هیچ وەزیرێك بەمەبەستی لێپرسینەوە بانگهێشتی پەرلەمان نەکراوە و لەهیچ ئەندامێکی ئەنجومەنی وەزیران یا سەرۆك و جێگرەکەی نەپرسراوەتەوە.

## خشتەی ژمارە ( ١٦ )

## ئامادە بوونی ئەندامان لە کۆبوونەوەکانی پەرلەمان خولی دووەمی ٢٠١٤

| ژ | ژمارەو مێژووی کۆبوونەوە | ئامادە نەبوون (غیاب) | مۆڵەت | بایکۆت | سەرجەم ئامادە نەبوون | بەشداربووانی کۆبوونەوە | ڕێژەی٪ ئامادەنەبوون بەپێی دانیشتنەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | دانیشتنی دەستپێك ژمارە (١)ی ئاسایی ڕۆژی ٢٠١٤/٩/٣ | ٥ | ٩ | ٠ | ١٤ | ٩٧ | ١٢,٦ |
| ٢ | دانیشتنی ژمارە (٢)ی ئاسایی ڕۆژی ٢٠١٤/٩/٢٣ | ١ | ١٠ | ٠ | ١١ | ١٠٠ | ٩,٩ |
| ٣ | دانیشتنی ژمارە (٣)ی ئاسایی ڕۆژی ٢٠١٤/٩/٣٠ | ٠ | ٧ | ٠ | ٧ | ١٠٤ | ٦,٣ |
| ٤ | دانیشتنی ژمارە (٤)ی ئاسایی ڕۆژی ٢٠١٤/١٠/١٤ | ١ | ٤ | ٠ | ٥ | ١٠٦ | ٤,٥ |
| ٥ | دانیشتنی ژمارە (٥)ی ئاسایی ڕۆژی ٢٠١٤/١٠/١٥ | ١ | ٩ | ٠ | ١٠ | ١٠١ | ٩ |
| ٦ | دانیشتنی ژمارە (٦)ی ئاسایی ڕۆژی ٢٠١٤/١٠/٢١ | ٠ | ٧ | ٠ | ٧ | ١٠٤ | ٦,٣ |
| ٧ | دانیشتنی ژمارە (٧)ی ئاسایی ڕۆژی ٢٠١٤/١٠/٢٢ | ٠ | ٦ | ٠ | ٦ | ١٠٥ | ٥,٤ |
| ٨ | دانیشتنی ژمارە (٨)ی ئاسایی ڕۆژی ٢٠١٤/١٠/٢٨/یەکەم | ٢ | ٧ | ٠ | ٩ | ١٠٢ | ٨,١ |
| ٩ | دانیشتنی ژمارە (٨)ی ئاسایی ڕۆژی ٢٠١٤/١٠/٢٨/دووەم | ١١ | ٢٦ | ٠ | ٣٧ | ٧٤ | ٣٣,٣ |
| ١٠ | دانیشتنی ژمارە (٩)ی ئاسایی ڕۆژی ٢٠١٤/١٠/٢٩/یەکەم | ٠ | ١٢ | ٠ | ١٢ | ٩٩ | ١٠,٨ |
| ١١ | دانیشتنی ژمارە (٩)ی ئاسایی ڕۆژی ٢٠١٤/١٠/٢٩/دووەم | ٠ | ٢٦ | ٠ | ٢٦ | ٨٥ | ٢٣,٤ |
| ١٢ | دانیشتنی ژمارە (١٠)ی ئاسایی ڕۆژی ٢٠١٤/١١/١٠/یەکەم | ٤ | ١٠ | ٠ | ١٤ | ٩٧ | ١٢,٦ |
| ١٣ | دانیشتنی ژمارە (١٠)ی ئاسایی ڕۆژی ٢٠١٤/١١/١٠/دووەم | ٨ | ١٣ | ٠ | ٢١ | ٩٠ | ١٨,٩ |
| ١٤ | دانیشتنی ژمارە (١١)ی ئاسایی ڕۆژی ٢٠١٤/١١/١٩/یەکەم | ٠ | ١٤ | ٠ | ١٤ | ٩٧ | ١٢,٦ |
| ١٥ | دانیشتنی ژمارە (١١)ی ئاسایی ڕۆژی ٢٠١٤/١١/١٩/دووەم | ٢ | ٢١ | ٠ | ٢٣ | ٨٨ | ٢٠,٧ |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٦ | دانیشتنی ژمارە (١٢)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٤/١١/٢٥/یەکەم | ٠ | ٦ | ٠ | ٦ | ١٠٥ | ٥,٤ |
| ١٧ | دانیشتنی ژمارە (١٢)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٤/١١/٢٥/دووەم | ٠ | ٦ | ٠ | ٦ | ١٠٥ | ٥,٤ |
| ١٨ | دانیشتنی ژمارە (١٣)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٤/١١/٢٦/یەکەم | ٠ | ٧ | ٠ | ٧ | ١٠٤ | ٦,٣ |
| ١٩ | دانیشتنی ژمارە (١٣)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٤/١١/٢٦/دووەم | ١ | ١٣ | ٠ | ١٤ | ٩٧ | ١٢,٦ |
| ٢٠ | دانیشتنی ژمارە (١٤)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٤/١٢/٣/یەکەم | ٠ | ١٣ | ٢٤ | ١٣ | ٧٤ | ١١,٧ |
| ٢١ | دانیشتنی ژمارە (١٤)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٤/١٢/٣/دووەم | ٠ | ١٩ | ٠ | ١٩ | ٩٢ | ١٧,١ |
| ٢٢ | دانیشتنی ژمارە (١٥)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٤/١٢/٩ | ٠ | ٩ | ٠ | ٩ | ١٠٢ | ٨,١ |
| ٢٣ | دانیشتنی ژمارە (١٦)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٤/١٢/١٦ | ٠ | ١٦ | ٠ | ١٦ | ٩٥ | ١٤,٤ |
| ٢٤ | دانیشتنی ژمارە (١٧)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٤/١٢/١٨ | ٠ | ٢٦ | ٠ | ٢٦ | ٨٥ | ٢٣,٤ |
| ٢٥ | دانیشتنی ژمارە (١٨)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٤/١٢/٢٣/یەکەم | ٣ | ١٢ | ٠ | ١٥ | ٩٦ | ١٣,٥ |
| ٢٦ | دانیشتنی ژمارە (١٨)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٤/١٢/٢٣/دووەم | ٤ | ١٣ | ٠ | ١٧ | ٩٤ | ١٥,٣ |
| ٢٧ | دانیشتنی ژمارە (١٩)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٤/١٢/٢٤ | ٥ | ١٥ | ٠ | ٢٠ | ٩١ | ١٨ |
| ٢٨ | دانیشتنی ژمارە (٢٠)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٤/١٢/٢٩/یەکەم | ٤ | ٢٠ | ٠ | ٢٤ | ٨٧ | ٢١,٦ |
| ٢٩ | دانیشتنی ژمارە (٢٠)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٤/١٢/٢٩/دووەم | ٦ | ٢٢ | ٠ | ٢٨ | ٨٣ | ٢٥,٢ |
| ٣٠ | دانیشتنی ژمارە (٢١)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٤/١٢/٣١ | لەم دانیشتنەدا غیاب وەرنەگیراوە | | | | | |
| | سەرجەم | ٥٨ | ٣٧٨ | ٢٤ | ٤٦٠ | ٢٧٥٩ | |

## تێبینیەکان سەبارەت بە خشتەی ژمارە (١٦):

١-لەم خولەدا (٢١) کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجامدراوە.

٢-کۆبوونەوە ئاساییەکان (٩)یان دوو دانیشتن بوونە، واتە بەیانی و ئێوارە.

٣-لە کۆی ئەو کۆبوونەوانەدا (١)کۆبوونەوە ناوی ئامادە بووان وەرنەگیراوە.

٤-لە (٢٩) دانیشتندا تێکڕا (٤٦٠) جار ئەندامان بەشداری کۆبوونەوەیان نەکردووە، جا بەهۆی (غیاب)ەوە بووبێت یا مۆڵەت بایکۆت بووبن. ئەمەش دەکاتە ڕێژەی ئامادەنەبوونی تێکرای ئەندامانی پەرلەمان (١٣,٥٪)ە.

٥-لە یەك دانیشتنیشدا (٢٤) ئەندام بایکۆتی کۆبوونەوەکەیان کردووە.


## خشتەی ژمارە ( ١٧ )

## ئامادە نەبوونی ئەندامان لە کۆبوونەوەکانی پەرلەمان بە پێی فراکسیۆنەکان

## خولی دووەمی ٢٠١٤

| ژ | ناوی فراکسیۆن | ژ.ئەندامانی فراکسیۆن | ئامادە نەبون | مۆڵەت | سەرجەم بەشدار نەبووانی کۆبوونەوەکە | ڕێژەی ٪ ی لە تێکڕای ئامادەنەبوون |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان | ٣٨ | ١٨ | ١٧٤ | ١٩٢ | ٪٤٤ |
| ٢ | لیستی گۆڕان | ٢٤ | ٩ | ٥٦ | ٦٥ | ٪١٤,٩ |
| ٣ | لیستی یەکێتی نیشتمانی کوردستان | ١٨ | ١١ | ٦٠ | ٧١ | ٪١٦,٣ |
| ٤ | لیستی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان | ١٠ | ٣ | ٢٩ | ٣٢ | ٪٧,٣ |
| ٥ | لیستی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان | ٦ | - | ٨ | ٨ | ٪١,٨ |
| ٦ | لیستی بزووتنەوەی ئیسلامی | ١ | - | ٢ | ٢ | ٪٠,٥ |
| ٧ | لیستی حزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان، | ١ | - | ٣ | ٣ | ٪٠,٧ |
| ٨ | لیستی ئازادی | ١ | - | ٣ | ٣ | ٪٠,٧ |
| ٩ | لیستی ئاراستەی سێیەم | ١ | - | ٧ | ٧ | ٪١,٦ |
| ١٠ | لیستی رافیدەین | ٢ | ١٠ | ٥ | ١٥ | ٪٣,٤ |
| ١١ | لیستی گردبوونەوەی کلدانی سریانی ئاشووری | ٢ | - | ٨ | ٨ | ٪١,٨ |
| ١٢ | لیستی پێشکەوتنی تورکمان | ٢ | ٢ | ٨ | ١٠ | ٪٢,٣ |
| ١٣ | لیستی هەولێری تورکمانی | ١ | - | ١ | ١ | ٪٠,٢ |
| ١٤ | لیستی گۆڕان و نوێبوونەوەی تورکمان | ١ | - | - | - | ٪٠ |
| ١٥ | لیستی بەرەی تورکمانی | ١ | - | ٤ | ٤ | ٪٠,٩ |
| ١٦ | لیستی ئەبناو ئەلنەهرەین | ١ | - | ٥ | ٥ | ٪١,١ |
| ١٧ | لیستی ئەرمەن | ١ | ٥ | ٥ | ١٠ | ٪٢,٣ |
| | سەرجەم | ١١١ | ٥٨ | ٣٧٨ | ٤٣٦ | ١٠٠ |

### ڕێژەی ئامادە نەبوونی ئەندامان لە کۆبوونەوەکانی پەرلەمان بە پێی فراکسیۆنەکان



## تێبینیەکان سەبارەت بە خشتەی ژمارە (١٧):

بەپێی ئەم خشتەیەی سەرەوە رێژەی ئامادەنەبوونی ئەندامانی پەرلەمان(بە غیاب و مۆلەتەوە) ریزبەندی فراکسیۆنەکان بەم جۆرە دەبێت لە زۆریی ژمارەی ئامادەنەبوونی ئەندامەکانیان:

١- پارتی دیموکراتی کوردستان.

٢- یەکێتی نیشتمانی کوردستان.

٣- گۆڕان.

٤- یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان.

٥- رافیدەین.

٦- ئەرمەن.

٧- پێشکەوتنی تورکمان.

٨- گردبوونەوەی کلدانی سریانی ئاشووری.

٩- کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان.

١٠- ئاراستەی سێیەم.

١١-ئەبناو ئەلنەهرەین.

١٢-بەرەی تورکمانی

١٣- حزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان،.

١٤-ئازادی.

١٥-بزووتنەوەی ئیسلامی.

١٦- هەولێری تورکمانی.

١٧- گۆڕان و نوێبوونەوەی تورکمان، تاکە لیستێکە کە لەهەموو کۆبوونەوەکاندا ئامادە بووەو غیاب و مۆڵەتی نیە.

## خشتەی ژمارە ( ١٨ )

## ژمارەی کاتژمێرەکانی کۆبوونەوەکانی پەرلەمان

## خولی دووەمی ٢٠١٤

| ژ | ژمارەو مێژووی کۆبوونەوە | ژ.کاتژمێری کۆبوونەوە |
|---|---|---|
| ١ | دانیشتنی دەستپێك ژمارە (١)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٤/٩/٣ | ٣:٠٠ |
| ٢ | دانیشتنی ژمارە (٢)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٤/٩/٢٣ | ٤:٣٥ |
| ٣ | دانیشتنی ژمارە (٣)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٤/٩/٣٠ | ٥:٢٠ |
| ٤ | دانیشتنی ژمارە (٤)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٤/١٠/١٤ | ٥:٥٠ |
| ٥ | دانیشتنی ژمارە (٥)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٤/١٠/١٥ | ٤:٤٥ |
| ٦ | دانیشتنی ژمارە (٦)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٤/١٠/٢١ | ٥:١٠ |
| ٧ | دانیشتنی ژمارە (٧)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٤/١٠/٢٢ | ٤:٣٠ |
| ٨ | دانیشتنی ژمارە (٨)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٤/١٠/٢٨/یەکەم | ٤:٠٥ |
| ٩ | دانیشتنی ژمارە (٨)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٤/١٠/٢٨/دووەم | ٢:٢٠ |
| ١٠ | دانیشتنی ژمارە (٩)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٤/١٠/٢٩/یەکەم | ٤:٣٠ |
| ١١ | دانیشتنی ژمارە (٩)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٤/١٠/٢٩/دووەم | ٢:٣٠ |
| ١٢ | دانیشتنی ژمارە (١٠)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٤/١١/١٠/یەکەم | ٢:١٥ |
| ١٣ | دانیشتنی ژمارە (١٠)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٤/١١/١٠/دووەم | ٥:٢٠ |
| ١٤ | دانیشتنی ژمارە (١١)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٤/١١/١٩/یەکەم | ٤:٠٠ |
| ١٥ | دانیشتنی ژمارە (١١)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٤/١١/١٩/دووەم | ٣:٠٠ |
| ١٦ | دانیشتنی ژمارە (١٢)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٤/١١/٢٥/یەکەم | ٢:١٠ |
| ١٧ | دانیشتنی ژمارە (١٢)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٤/١١/٢٥/دووەم | ٢:٣٠ |
| ١٨ | دانیشتنی ژمارە (١٣)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٤/١١/٢٦/یەکەم | ٢:٤٠ |
| ١٩ | دانیشتنی ژمارە (١٣)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٤/١١/٢٦/دووەم | ٢:٠٠ |
| ٢٠ | دانیشتنی ژمارە (١٤)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٤/١٢/٣/یەکەم | ٢:٠٠ |
| ٢١ | دانیشتنی ژمارە (١٤)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٤/١٢/٣/دووەم | ٣:٠٠ |
| ٢٢ | دانیشتنی ژمارە (١٥)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٤/١٢/٩ | ٣:٣٥ |
| ٢٣ | دانیشتنی ژمارە (١٦)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٤/١٢/١٦ | ١:٣٥ |
| ٢٤ | دانیشتنی ژمارە (١٧)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٤/١٢/١٨ | ٢:٤٥ |
| ٢٥ | دانیشتنی ژمارە (١٨)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٤/١٢/٢٣/یەکەم | ٣:٤٠ |
| ٢٦ | دانیشتنی ژمارە (١٨)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٤/١٢/٢٣/دووەم | ٣:١٠ |
| ٢٧ | دانیشتنی ژمارە (١٩)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٤/١٢/٢٤ | ٣:٠٠ |
| ٢٨ | دانیشتنی ژمارە (٢٠)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٤/١٢/٢٩/یەکەم | ٣:٠٠ |
| ٢٩ | دانیشتنی ژمارە (٢٠)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٤/١٢/٢٩/دووەم | ٣:٠٠ |
| ٣٠ | دانیشتنی ژمارە (٢١)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٤/١٢/٣١ | ٢:٠٠ |
| | سەرجەم | ١٠١,٢٥ |

## تێبینیەکان سەبارەت بە خشتەی ژمارە (١٨):

١-پەرلەمان لەماوەی شەش مانگدا لە (٢٠١٤/٩/١ تا ٢٠١٥/٣/١) کە (١٨٢) رۆژ دەکات، (٢١) رۆژ کۆبوونەوەی ئەنجامداوە.

٢-لە (٢١) دانیشتنی ئاسایی پەرلەماندا لەماوەی شەش مانگدا، (١٠١:٢٥) (سەد و یەك کاتژمێر و بیست و پێنج خولەك) کۆبۆتەوە. کە ئەمەش بەبەراورد لەگەڵ کاری پەرلەمانی و گرفت و کێشەکانی هاولاتیان و قەیرانەکانی هەرێمدا رێژەیەکی کەمە.

٣-ئەمە یەکێك لە کەم و کورییەکانی پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانە کە دەستنیشانی نەکردووە کە پەرلەمان هەفتانە دەبێت چەند رۆژ کۆببێتەوە. بۆیە پێویستە دەستکاری بکرێت.

## خشتەی ژمارە (١٩)

## ژمارەی ئەو بڕگانەی بەرنامەی کار کە جێبەجێکراون لە خولی دووەمی ٢٠١٤

| ژ | ژمارەو مێژووی کۆبوونەوە | ژمارەی بڕگە | جێبەجێکراو | جێبەجێنەکراو و دواخراو | ڕێژەی جێبەجێکردنی پرۆژەکان |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | دانیشتنی دەستپێك ژمارە (١)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٤/٩/٣ | ٣ | ٣ | ٠ | 100.0 |
| ٢ | دانیشتنی ژمارە (٢)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٤/٩/٢٣ | ٧ | ٥ | ٢ | 71.4 |
| ٣ | دانیشتنی ژمارە (٣)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٤/٩/٣٠ | ٢ | ١ | ١ | 50.0 |
| ٤ | دانیشتنی ژمارە (٤)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٤/١٠/١٤ | ٤ | ٠ | ٤ | 0.0 |
| ٥ | دانیشتنی ژمارە (٥)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٤/١٠/١٥ | ٤ | ١ | ٣ | 25.0 |
| ٦ | دانیشتنی ژمارە (٦)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٤/١٠/٢١ | ٧ | ٢ | ٥ | 28.6 |
| ٧ | دانیشتنی ژمارە (٧)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٤/١٠/٢٢ | ٦ | ٣ | ٣ | 50.0 |
| ٨ | دانیشتنی ژمارە (٨)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٤/١٠/٢٨ | ٢ | ٠ | ٢ | 0.0 |
| ٩ | دانیشتنی ژمارە (٩)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٤/١٠/٢٩ | ١ | ١ | ٠ | 100.0 |
| ١٠ | دانیشتنی ژمارە (١٠)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٤/١١/٤ | دانیشتنەکە (٣)بڕگەبوو بەتەواوی دواخراو ئەنجام نەدرا. | | | |
| ١١ | دانیشتنی ژمارە (١٠)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٤/١١/١٠ | ٣ | ٣ | ٠ | 100.0 |
| ١٢ | دانیشتنی ژمارە (١١)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٤/١١/١٩ | ٣ | ٢ | ١ | 66.7 |
| ١٣ | دانیشتنی ژمارە (١٢)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٤/١١/٢٥ | ٢ | ١ | ١ | 50.0 |
| ١٤ | دانیشتنی ژمارە (١٣)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٤/١١/٢٦ | ١ | ١ | ٠ | 100.0 |
| ١٥ | دانیشتنی ژمارە (١٤)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٤/١٢/٣ | ٣ | ٢ | ١ | 66.7 |
| ١٦ | دانیشتنی ژمارە (١٥)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٤/١٢/٩ | ٢ | ٢ | ٠ | 100.0 |
| ١٧ | دانیشتنی ژمارە (١٦)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٤/١٢/١٦ | ٢ | ٢ | ٠ | 100.0 |
| ١٨ | دانیشتنی ژمارە (١٧)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٤/١٢/١٨ | ٢ | ١ | ١ | 50.0 |
| ١٩ | دانیشتنی ژمارە (١٨)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٤/١٢/٢٣ | ٤ | ١ | ٣ | 25.0 |
| ٢٠ | دانیشتنی ژمارە (١٩)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٤/١٢/٢٤ | ٣ | ٢ | ١ | 66.7 |
| ٢١ | دانیشتنی ژمارە (٢٠)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٤/١٢/٢٩ | ١ | ١ | ٠ | 100.0 |
| ٢٢ | دانیشتنی ژمارە (٢١)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٤/١٢/٣١ | ٣ | ٣ | ٠ | 100.0 |
| | **سەرجەم** | **٦٥** | **٣٧** | **٢٨** | **56.9** |

## تێبینیەكان سەبارەت بە خشتەی ژمارە ( ١٩ ):


١-پەرلەمان لە كۆی شەش مانگی ئەم خولەدا (٢١) دانیشتنی ئەنجامداوە، لەكۆی دانیشتنەكاندا (٦٥) بڕگەی كاری لەبەرنامەی خۆیدا خستۆتە ڕوو، لەوانە (٣٧)بڕگەی جێبەجێكردووە لەكاتی خۆیدا و (٢٨) بڕگەیشی دواخستووە و لەكاتی خۆیدا جێبەجێی نەكردوون.

واتە: كۆی بڕگەی بەرنامەی كار = ٦٥ (١٠٠٪)

كۆی بڕگەی جێبەجێكراو =٣٧ (٥٧٪)

كۆی بڕگەی جێبەجێنەكراو و دواخراو =٢٨ (٤٣٪)

٢-هەندێك لە بڕگەكان لە كاتی خۆیان دواخراون و هەندێكیشیان هەر ئەنجام نەدراون.



## خشتەی ژمارە (٢٠)

## پوختەی کاری پەرلەمان لە ماوەی شەش مانگدا

| ژ | ناونیشان | ژمارە |
|---|---|---|
| ١ | ژمارەی دانیشتنەکانی پەرلەمان | ٢١ |
| ٢ | ژمارەی برگەی کار | ٦٥ |
| ٣ | ژمارەی برگەی کار/جێبەجێکراو | ٣٧ |
| ٤ | ژمارەی برگەی کار/ جێبەجێ نەکراو | ٢٨ |
| ٥ | ژمارەی پرۆژە یاسا کە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە لەسەرەتای دەستبەکار بوونی پەرلەمانەوە | ١١٥ |
| ٦ | ژمارەی یاسای پەسەند کراو | ٤ |
| ٧ | ژمارەی بڕیاری پەسەند کراو | ٣ |
| ٨ | ژمارەی راگەیاندراوی پەرلەمان | ١٢ |
| ٩ | ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران کە لەلایەن ئەندامانەوە داواکراون لە هۆلی پەرلەمان ئامادەبن | ١٧ |
| ١٠ | ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران لەسەر داوای ئەندامان لە هۆلی پەرلەمان ئامادەبوون. | ٧ |
| ١١ | ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران کە لەلایەن ئەندامانەوە داواکرابوون بۆ هۆلی پەرلەمان بەلام ئامادە نەبوون | ١٠ |
| ١٢ | ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران لەسەر داوای خۆیان لە هۆلی پەرلەمان ئامادەبوون. | ٢ |
| ١٣ | ژمارەی لێپرسینەوە (استجواب) ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران | - |
| ١٤ | ژمارەی کۆبوونەوەی لیژنەکان | ١٢٢ |
| ١٥ | ژمارەی راپۆرتی لیژنەکان لەسەر پرۆژە یاسا نوسراوە | ٩٠ |
| ١٦ | ژمارەی راپۆرتی لیژنەکان لەسەر پرۆژە یاسا کە نەنوسراوە | ١٧٥ |
| ١٧ | ژمارەی پرسیاری ئەندامان کە ئاراستەی حکومەت کراوە | ٤٤٣ |
| ١٨ | ژمارەی پرسیاری ئەندامان کە وەلامدراوەتەوە | ٣١١ |
| ١٩ | ژمارەی پرسیاری ئەندامان کە وەلام نەدراوەتەوە | ١٣٢ |
| ٢٠ | ژمارەی ئامادە نەبووانی ئەندامان لە کۆبوونەوەکان | ٤٣٦ |

# تێبینییەکان لەسەر پوختەی کاری خولی شەش مانگی پەرلەمان

## (١ ی ئەیلولی ٢٠١٤ تا ٢٨ ی شوباتی ٢٠١٥)

**یەك:** لە ماوەی شەش مانگ تەمەنی پەرلەماندا کە (٢١) دانیشتنی ئاسایی ئەنجامدراوە، پەرلەمانی لە ئیشوکارەکانیدا وەك پێویست پابەندی پەیرەوی ناوخۆی نەبووەو لەگەڵ شوێندا پێشێلی کردووە. بۆ نمونە:

١–خوێندنەوەی یەکەم بۆ پرۆژە یاسا کراوە بەبێئەوەی لەبەرنامەی کاردا هەبێت.(١٢)

٢– ژمێرەی کۆتایی (الحساب الختامی) بودجەی سالانی رابردوو (٢٠١٢) و(٢٠١٣)و (٢٠١٤) کە پێویستە لەلایەن حکومەتەوە رەوانەی پەرلەمان بکرێت، تا ئێستاشی لەگەلدابێت نەناردراوە.

٣–ئیجرائات نەکردن لە ئامادەنەبوونی ئەندامان لە کۆبوونەوەکان. ئەندام هەیە ژمارەی ئامادەنەبوون و مۆلەتی ئەوەندە زۆرە کە لەگەل پەیرەویشدا وێکنایەتەوە بەبێئەوەی هیچ رێوشوێنێکی لەبەرامبەردا گیرابێتەبەر.(١٣) ئەندامی پەرلەمان هەیە چەندان دانیشتن ئامادە نەبووە کە پێچەوانەی پەیرەوە بەلام هیچ لێپێچینەوەیەکی لەگەڵدا نەکراوە.(١٤)

٤–ئیجرائات نەکردن لەگەل لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمان کە راپۆرتیان لەسەر پرۆژە یاساکان نەنوسیوە.

٥– بەپێی بریارێکی پەرلەمان (لیژنەی لێکۆلینەوە لەو رووداوانەی لە هەردوو پارێزگای سلێمانی و هەولێر لە ٢٠١٤/٤/٣٠ و رۆژانی دواتر روویانداوە) پێکهات.(١٥) هەرچەندە ئەم لیژنەیە زۆر بەپەلە پێکهێنرا،

---

(١٢) – لە برگەی (٣)ی مادەی (٥٤) لە پەیرەوی ناوخۆدا هاتووە: نابێت هیچ بابەتێك بخرێتە روو یان گفتوگۆی بۆ بکرێت ئەگەر لەبەرنامەی کاردا نەهاتبێت.

(١٣) – لە برگەی (٣)ی مادەی (٢٥) لە پەیرەوی ناوخۆدا هاتووە: سەرۆك بۆی هەیە مۆڵەتێکی ئاسایی بداتە ئەندام ئەگەر بارودۆخەکەی ئەمەی خواست بۆ ماوەیەك لە (١٥) رۆژ تێپەڕ نەکات لە ماوەی هەر خولێك لە خولە گرێدراوەکان.

هەروەها مادەی (٢٨)ی پەیرەودا هاتووە:

١–هەر یەك لە سەرۆك و جێگرەکەی و سکرتێر و ئەندامەکان موچەو دەرماڵەی مانگانە وەردەگرن.

٢–لەحالەتی ئامادەنەبوونی ئەندام پەرلەمان لەهەر دانیشتنێك لەدانیشتنەکانی پەرلەمان بەبێ پاساوێکی رەوا ئەو بری (٢٠٠) دووسەد دینار لەو پاداشتەی لە برگەی سەرەوە باسکراوە بەرامبەر هەر دانیشتنێك لێی دەبرێت بەمەرجێك کۆی گشتی لێبڕدراوەکان لەپاداشتی مانگانەی تێپەڕ نەکات.

(١٤) – لە خاڵی (٣)ی برگەی (أ)ی مادەی (٣٠) لە پەیرەوی ناوخۆدا هاتووە: ئەگەر ئەندام لە سێ دانیشتنی یەك لەدوای یەك بەبێ پاساوی رەوا ئامادە نەبوو، ئەندامێتی لەدەست دەدات.

(١٥) – بەپێی بریاری ژمارە (٣)ی پەرلەمانی کوردستان کە لە ٢٠١٤/٥/٤ دەرچووە ، ئەم لیژنەیە پێکهێنراو لە (٦) ئەندام پێکهاتووە.

کارەکانیشی تەواو بووە و راپۆرتی نوسیوە، بەلام تا ئێستا کە ساڵێك و چوارمانگە کارەکانی تەواو کردووە کەچی راپۆرتەکەی نەخراوەتەوە بەرنامەی کاری پەرلەمانەوە.

**دوو**: خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان تا کاتی ئامادەکردنی ئەم راپۆرتە، بەهەموو تەمەنی کە نزیکەی ساڵێك و سێ مانگە، تەنها (٩) یاسای پەسەند کردووە، سەرەڕای ئەوەی کە خوێندنەوەی یەکەم بۆ (١١٥) پرۆژە یاسا کراوە.

**سێ**: لەماوەی ئەو شەش مانگەشدا پەرلەمان تەنها (٤) یاسا و (٣) بڕیاری دەرکردووە.

**چوار**: تا ئێستاشی لەگەڵدابێت پەرلەمان نەیتوانیوە بەدواداچوون و لێپرسینەوەیەکی ئەوتۆ سەبارەت بە شێوازی فرۆشتن و داهاتی نەوت بکات و وردەکاریی گرێبەستەکانی نەخراوەتە بەردەست. (١٦)

**پێنج**: بەپێی رای شارەزایانی بوارەکە، بێسەروبەریی و بێبەرنامەیی بە پێشکەشکردنی پرۆژەیاساکانەوە دیارە لەلایەن ئەندامان و فراکسیۆنەکانەوە کە زۆرینەی پرۆژەیاساکان کرچ و کاڵن، زیاتر مۆرکی ململانێی فراکسیۆنەکان و مزایەدەکردن بەسەر یەکترەوەیان پێوە دیارە.

**شەش**: تا ئێستا نەلەلایەن پەرلەمان و نە لەلایەن هیچ ئەندامێکی پەرلەمانەوە بەفەرمی داوای لێپرسینەوە (استجواب) لە سەرۆکی حکومەت و جێگرەکەی یا هیچ وەزیرێك نەکراوەو بۆ ئەم مەبەستە هیچ وەزیرێك بانگهێشت نەکراوەتە هۆڵی پەرلەمان. کە هۆکاری ئەمەش بۆ بوونی حکومەتێکی بنکە فراوان دەگەڕێتەوە کە هەموو لایەنە سەرەکییەکان بەشدارن تیایدا و هەر لایەنەو لەبەر خاتری وەزیرەکەی خۆی دڵنەوایی وەزیری فراکسیۆنی بەرامبەر دەکات. (١٧)

**حەوت**: لە ماوەی ئەو خولەدا تەنها (ئەنجومەنی نەوت و گاز) و وەزیرانی (پەروەردە) و (کشتوکاڵ) و (کارەبا) و سەرۆکی دەستەی ناوچە کوردستانییەکان چوونەتە هۆڵی پەرلەمانەوە بەمەبەستی گفتوگۆو

---

(١٦) – لە مادەی (٤٢) لە پەیڕەوی ناوخۆدا هاتووە: ١–لیژنە بەردەوامەکان مافیان هەیە لەرێگەی جێگری سەرۆکی پەرلەمانەوە، داوا لە فەرمانگەی فەرمی و رێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکان بکەن کەوا ئەو زانیارییانەی پێویستیانە بۆ باسکردنی ئەو بابەتانەی خراونەتە روو، پێشکەشیان بکرێت.

٢–ئەگەر ئەو لایەنانەی لەبڕگەی سەرەوە باسکراون خۆیان گرت لە پێدانی زانیاری داواکراو بە لیژنە بەردەوامەکان ئەو کاتە لە رێگەی سەرۆکی پەرلەمان سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی لێ ئاگادار دەکرێتەوەو لە حاڵەتی وەلام نەدانەوەی داواکارییەکە لەماوەی پازدە رۆژدا بابەتەکە دەخرێتە بەر دەستی پەرلەمان بۆ ئەوەی تێڕوانینی بۆ بکات.

(١٧) – لەمادەی (٦٩) لە پەیڕەوی ناوخۆدا هاتووە:

١–هەر ئەندامێك ویستی ئەندامێکی دەسەلاتی جێبەجێکردن بپرسێنێت ئەوا پرساندنەکە بە شێوەیەکی نوسراو ئاراستە دەکات.

٢–سەرۆکی پەرلەمان پرساندنەکە دەگەیەنێتە دەسەلاتی جێبەجێکردن پاش دانانی لە کارنامەی یەکەم دانیشتنی دوای پێڕاگەیاندنی و کاتی گفتوگۆکردنی پاش هەفتەیەك دیاری دەکات تەنها ئەگەر پەرلەمان پەلەی بوو ئەندامی دەسەلاتی جێبەجێکردنیش رازی بوو.

رونکردنەوە، ئەمەو لەکاتێکدا جگە لە سەرۆك و جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران (١٩) وەزیری بە وەزارەت و (٣) وەزیری بێ وەزارەت هەن لەم کابینەیەدا. [١٨]

**هەشت**: سەبارەت بە رووداو و گۆڕانکارییەکان، پەرلەمانی کوردستان وەك بەرزترین دەزگەی یاسایی و شەرعی هەرێم دەبوایە لەکات و ساتی خۆیدا بڕیاری هەبێت، لەسەر پێشمەرگە لە ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم، کشانەوەو مانەوەی پێشمەرگە، قەیرانی سوتەمەنی، ریفراندۆم، بارودۆخ و قەیرانی عیراق، کەرکوك و کێڵگە نەوتییەکان، جولاندنی هێز، بەلام لەکاتی خۆیدا بڕیاری نەیبوو، یا ئەگەر هەشی بووبێت گوێی لێنەگیراوە. [١٩]

**نۆ**: پەرلەمانی کوردستان لە ماوەی شەش مانگدا تەنها (٢١) کۆبوونەوەی کردووە. کە ئەمەش بەبەراورد لەگەل کاری پەرلەمانی و ئەو هەموو گرفت و قەیرانەی لەهەرێمدا هەیە و ئەو ژمارە زۆرەی پڕۆژەیاسایەی بەردەستیان کە خوێندنەوەی یەکەمیان بۆ کردووە، کەمە.

**دە**: لە کۆی ئەو (٢١) کۆبوونەوەیەدا (٦٥) بڕگە لەبەرنامەی کاردا هەبووە، لەوانە (٣٧) بڕگە لەکاتی خۆی جێبەجێکراوەو (٢٨) بڕگەش دواخراوە بۆ کاتی تر و لەکاتی خۆیدا جێبەجێنەکراون.

**یانزە**: لەو (٢١) کۆبوونەوەیەی پەرلەمان ئەنجامی داون، بە تێکڕا (٤٣٦) جار ئەندام لە کۆبوونەوەکاندا ئامادە نەبوون، (٣٧٨) ئەندام مۆلەتیان وەرگرتووە و (٥٨) ئەندامەش بێ مۆلەت بەشداریان نەکردووەو نەچوونەتە کۆبوونەوەکانەوە.

**دووانزە**: لە ماوەی ئەم خولەدا ئەندامانی پەرلەمان (٤٤٣) پرسیاریان ئاراستەی حکومەت کردووە، لەوانە حکومەت وەلامی (٣١١) پرسیارەی داوەتەوە، و تا ئێستاش (١٣٢) پرسیار بێ وەلامن و تا ئێستا لەلایەن حکومەتەوە وەلام نەدراونەتەوە. دیارە وەلامی پرسیارەکان باوەڕ پێکراون لای ئەندامەکان، هەروەها بەدواداچوون بۆ پرسیارە بێ وەلامەکانیش نەکراوە. [٢٠]

**سیانزە**: لە ماوەی تەمەنی پەرلەمان لە خولی چوارەمدا لەلایەن فراکسیۆنەکان و ئەندامانی پەرلەمانەوە (١٨٢) پرۆژە یاساو بڕیاری هەمەجۆر پێشکەش بە سەرۆکایەتی پەرلەمان کراون، هەروەها لەلایەن

---

(١٨) — ئەم وەزیرانە بەپێی خالّی (٢) لە بڕگەی (دووەم)ی مادەی (٥٤)ی پەیڕەوی ناوخۆ وەك میوانداری ئامادە بوون.

(١٩) — بەپێی بڕیاری ژمارە (١)ی سالی ٢٠٠٥ ی پەرلەمانی کوردستان، پەرلەمان تاکە مەرجەعی سیاسی و دەستوری یە بۆ بڕیاردان لەسەر پرسە چارەنوسسازەکانی گەلی کوردستانی عیراق.

(٢٠) — لەمادەی (٦٥) ی پەیرەوی ناوخۆدا هاتووە: سەرۆك یا ئەندامی ئەنجومەنی وەزیران بۆی هەیە پرسیاری نوسراوی دەست بەجێ لەدوای خوێندنەوەی وەلامبداتەوە، یا لەماوەی پازدە رۆژ لە رێکەوتی پێدانی پرسیارەکە بە نوسراو وەلام بداتەوە.

هەروەها لەمادەی (٦٧)یشدا هاتووە: ئەگەر حکومەت لەماوەی یاساییدا وەلامی پرسیاری ئەندامەکەی نەدایەوە، ئەم ئەندامە بۆی هەیە رەوانەی پرساندنی بکات و هەمان رێکاری گرتراوەبەر لە پرساندنەکان دەگرترێتەبەر.

حکومەتیشەوە (٤) پرۆژە یاسا ناردراوە کە کۆی گشتی دەکاتە (١٨٦) پرۆژە، لەوانە تا ئێستا (١١٥) پرۆژە خوێندنەوەی یەکەمیان بۆ کراوە، (٧١) پرۆژەش تا ئێستا لای سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە ماون و نەخراونەتە بەرنامەی کارەوە. کە هەندێك لەم پرۆژانە پەیوەندییان بە چۆنیەتی باشترکردنی رەوشی ژیانی هاولاتیانی هەیە، بەتایبەتیش ژیانی گەنجان و لاوان و ژنان و کرێکاران.

**چواردە**: لە کۆی ئەو پرۆژانەی ئاراستەی لیژنەکانی پەرلەمان کراون کە بە تێکرای پرۆژەکان لای سەرجەم لیژنەکان، (٢٧٤) پرۆژەن کە پێویستە لیژنەکان راپۆرتیان لەسەر بنوسن، بەلام تەنها (٩٠) راپۆرت لە لایەن کۆی لیژنەکانەوە نوسراون. واتە (١٨٤) راپۆرت هێشتا نەنوسراون. ئەمەش پێچەوانەی پەیرەوی ناوخۆیە.

**پانزە**: لە ماوەی ئەم شەش مانگەدا لیژنەکان (١٣٢) کۆبوونەوەیان ئەنجامداوە. ئەگەر بە تێکرا دابەشی سەر لیژنەکانی بکەین، هەر لیژنەیەك (٨) کۆبوونەوەی ئەنجامداوە. واتە بە سێ هەفتە کۆبوونەوەیەك ئەنجامدراوە.

**شانزە**: لە ماوەی ئەم شەش مانگەدا لە کۆی (٢٤) ئەندامی ئەنجومەنی وەزیران بە سەرۆك و جێگر و وەزیرەکانەوە، ئەم وەزیرانە چوونەتە پەرلەمان بەمەبەستی کۆبوونەوە لەگەل لیژنەکاندا. ئەوانیش بریتین لە وەزیرانی:(دارایی، ئەوقاف، پێشمەرگە، ناوخۆ، خوێندنی بالا، ئاوەدانکردنەوە، کشتوکال، کۆمەلایەتی، تەندروستی، پیشەسازی، پەروەردە، رۆشنبیری، شارەوانی). [٢١]

**حەڤدە**: لە کاتی گفتوگۆی پرۆژە یاساکاندا پێویستە و عورفیش وابووە کە وەزیری پەیوەندیدار ئامادە بێت، بەلام بەشێك لە وەزیرەکان ئامادە نابن، وەك وەزیری خوێندنی بالا لەکاتی هەمواری یاسای وەزارەتەکەی، هەروەك پێشتر وەزیری ناوخۆ بۆ یاسای خۆپیشاندان و وەزیری دارایی بۆ یاسای بودجەی حزبەکانیش ئامادە نەبوون.

**هەژدە**: وەك تێبینی دەکرێت رۆلی پەرلەمان لە گۆرەپانی سیاسیی هەرێمی کوردستاندا وەك پێویست لەبەرچاو ناگیرێت و لە رووداوە گرنگ و چارەنوسسازەکاندا پەرلەمان پەراوێز دەخرێت، هەرچەندە بەپێی بریاری ژمارە (١)ی سالی ٢٠٠٥ دەبێت سەرکردایەتی سیاسی کوردستان بۆ بریارە چارەنوسسازەکانی بۆ پەرلەمان بگەرێتەوە، بەلام ئەوە نابینرێت.

**نۆزدە**: پەرلەمان دەبوایە لەسەرەتای خولی چوارەمەوە خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای دەستوری هەرێمی کوردستان بکات، بەلام بەهۆی ململانێی سیاسیی فراکسیۆنەکانەوە دواکەوت تا لە مانگی (١١)ی سالی ٢٠١٤ خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کرا، ئەمەش هۆکارێکی دواکەوتنی پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستانە.

---

(٢١) – لە برگەی (٣)ی مادەی (٤١) لە پەیرەوی ناوخۆدا هاتووە: هەر پازدە رۆژ جارێك سەرۆك وەزیران یان هەر وەزیرێك ئامادەبوونی بەباش دەزانرێت یەکجار ئامادەی دانیشتنی پەرلەمان دەبێت.

**بیست**: کاتێك لە ٢٠١٤/٨/٧ کارەساتی شەنگال رویداو هێزی پێشمەرگە تیایدا کشایەوە، کە بووە مایەی ئاوارەو دەربەدەر بوونی سەدان هەزار کەس و کوشتاری بە کۆمەڵی ئێزیدییەکانی لێکەوتەوەو هەر بەم هۆیەوە هەزاران کچ و ژنی ئێزیدی رفێنران و بێسەروشوێن کران و بازرگانیان پێوەکرا و دەستدرێژیان کرایەسەر. پێویست بوو لیژنەیەکی لێکۆلینەوە لەپەرلەمان پێك بهێنرێت و هۆکارەکانی کشانەوەی پێشمەرگە بەم پەلە پروزێیە دیاری بکرێت و کەمتەرخەم و سەرپێچی کاران سزا بدرێن.[٢٢] ئەوکاتە پەرلەمان لە پشوو بوو و بەپێی مادەی (٤٨) برگەی (ب)ی پەیرەوی ناوخۆ سەرۆکایەتی دەیتوانی لیژنە دروستبکات و لە دەسەلاتی خۆی بوو،[٢٣] بەلام نەکرا. بیانوش ئەوەبوو گوایە لە سەرۆکایەتی هەرێم لیژنەیەك بۆ هەمان مەبەست پێکهێنراوە، بەلام دواتر پەرلەمان لە ئەنجامی بەدواداچوونەکانی ئەم لیژنەیەشی نەپێچایەوە کە ئەمە کاری پەرلەمانە، ئەمە لەکاتێکدا لیژنەکەی سەرۆکی هەرێم هیچ ئەنجامێکی نەبوو و تا ئێستاشی لەگەڵدابێت چ لەلایەن سەرۆکایەتی هەرێم و چ لەلایەن پەرلەمانەوە بێدەنگی لەئاست ئەو کارەساتە مرۆییە جەرگبڕەدا کراوە.

**بیست و یەك**: یەکێك لە کارە سەرەکییەکانی پەرلەمان پەسندکردنی پرۆژە یاسای بودجەی ساڵانەیە. بەپێی یاساو پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمان دەبوایە لە سەرەتای مانگی تشرینی یەکەمی ٢٠١٣ و ساڵی دواتریش لە تشرینی دووەمی ٢٠١٤ دا ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بودجەی خەملێنراوی رەوانەی پەرلەمانی کوردستان بکردایە،[٢٤] چونکە بودجە لە رۆژی ١٢/٣١/ هەموو ساڵێك کۆتایی دێت و پێویستە لە ١/١/ ساڵی تازەوە کار بە بودجەی پەسندکراو بۆ ساڵی تازە بکرێت. بەلام تا ئێستاشی لەگەلدابێت بودجە نە ئامادەکراوەو نە رەوانەی پەرلەمانیش کراوە. راستە هەرێم رووبەرووی قەیران بۆتەوە، بەلام یەکێ لە وەزیفەکانی پەرلەمان پەسەندکردنی بودجەیەو دەبوایە دانیشتنێکی تایبەتی بۆ ئەم پرسە بکردایەو سەرۆکی حکومەت یا وەزیری دارایی بانگهێشت بکردایەو رونکردنەوەی لەسەر ئەم گرفتە دەربکردایەو پلانی حکومەت بۆ رووبەرووبوونەوەی ئەم قەیرانە بخرایەتە روو.

---

(٢٢) – لە مادەی (٤٧)ی پەیرەوی ناوخۆ هاتووە: پەرلەمان بۆی هەیە لیژنەی کاتی و لیژنەی لێکۆلینەوە پێکبهێنێت بەگوێرەی پێویستی ئەو بابەتانەی خراونەتە روو.

(٢٣) – برگەی (ب) لە مادەی (٤٨)ی پەیرەوی ناوخۆدا هاتووە: لەکاتی پشووی پەرلەماندا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتیەوە لیژنەکانی لێکۆلینەوە پێکدەهێنرێن.

(٢٤) – لە برگەی یەکەمی مادەی (٧٩)ی پەیرەوی ناوخۆی پەرلەماندا هاتووە: یەکەم:لەسەرەتای مانگی تشرینی یەکەم بەر لە سالی دارایی بودجە دەگاتە پەرلەمان.

# ئەنجام

١–لـەم خولـەی پەرلەمانـدا هەلـسوکەوتی سـەرۆکایەتی پەرلـەمان لەگـەل میـدیاکاران و کەنالـەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنیدا کراوەترەو زانیاری باشتر بە ڕۆژنامەنوسان دەدات و لەوەش باشتر بـەردەوام دانیشتنەکان ڕاستەوخۆ پەخش دەکرێن.

٢–دەرکردنـی دوو بڕیـار سـەبارەت بـە پـشتگیری کـوردانی ڕۆژئـاواو نـاردنی کۆمـەکی سـەربازی و هێـزی پێشمەرگە بـۆ پـشتیوانیان کـە ئەمـە یەکـەمجارە پەرلـەمانی کوردسـتان سـەبارەت بـە پرسـێکی نەتـەوەیی دەرەوەی هەرێم بڕیارێك دەربکات.

٣–لیژنــەکانی پەرلــەمان وەك پێویــست کــاری خۆیــان ئــەنجام نــەداوە لــە نوســینی ڕاپــۆرت لەســەر پرۆژەیاساکان، ئەمەش هۆکارێکی ئەوەیە کە پەرلەمان وەك پێویـست نـەیتوانیوە کۆبوونـەوە بکـات، چـونکە پرۆژەیاسای ئامادەکراو بە ڕاپۆرتەوەی لەبەردەست نەبووە تا بیخاتە بەرنامەی کارەوە.

٤–لیژنـەکانی پەرلـەمان وەك پێویـست چـاودێری ئـەو وەزارەت و دەسـتەو فەرمانگانـەیان نـەکردووە کـە پەیوەندیدارن پێیانەوەو کاری چاودێریکردن لاوازە لایان.

٥–ژمارەی کۆبوونەوەکانی پەرلەمان کەمەو لە ئاست ئەو هەموو قەیران و گرفتەدا نەبووە کـە ڕووبـەڕووی هەرێم بۆتەوەو لەئاست خوێندنەوەی یەکەمی ئەو ژمارە زۆرەی پرۆژەیاسایەش نەبووە کە خۆی بۆی کردووە.

٦–لەلایەن حزبە کودسـتانیەکانی کـە ئەنـدامیان لـە پەرلەمانـدا هـەبووە، ڕۆڵی پەرلـەمان نادیـدە گـیراوەو پشتگوێ خراوەو حیساب بۆ بڕیار و ڕا و ڕاسپاردەکانی نەکراوە.

٧–پەرلەمان لاواز بـووە لـە ئاسـت لێپێـچینەوە لـە دەسـەلاتی جێبـەجێکردن و لـەو ماوەیـەدا نـەیتوانیوە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و جێگرەکەی یا هیچ وەزیرێك بانگهێشتی پەرلەمان بکات بۆ لێپێچینەوە.

٨–ئەنـدامانی پەرلـەمان بەگـشتی بـە ئـەرکی سەرشـانیان هەلنەسـاون، هـەر لـە بەشـداری کۆبوونـەوە گشتیەکانی پەرلەمان و کۆبوونەوەکانی لیژنەکان و ڕاپـۆرت نوسـینی سـەر پـرۆژە یاسـاکانەوە تـا دەگـات بـە ئەرکی چاودێریکردنی دەسـەلاتی جێبـەجێکردن. خـشتەی هەریـەك لـەو بابەتانـەش کـە لـەم ڕاپۆرتـەدا هەیـە گەواهی ئەوە دەدەن.

## پێشنیار و ڕاسپاردەکان:

١- کلیلی چارەسەر بۆ ئەکتیڤ بوونی پەرلەمانی کوردستان، هەمواری پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانە.

٢- تێپەڕاندنی دۆخی هەڵبژاردن و کارکردن بە دەستە جەمعی، هەموفراکسیۆنەکان بەشدارن لە حکومەت و کەسیش ناتوانێ بەتەنها کار بکات و پێویستیان بە یەکتری هەیە.

٣- فراکسیۆنەکان لەخۆبوردووانەتر کار بکەن و بەرژەوەندییە حزبیەکانیان بخەنە لاوەو لەئاست ئەرکەکانی ئەم قۆناغەدابن، کە قەیرانگەلێك بەرۆکی هەرێمی گرتووە.

٤- سەرۆکایەتی پەرلەمان پابەند بێت بە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانەوەو جێبەجێی بکات، چ لە ئەدای ئیشکردنی خۆی، یا بەسەر لیژنەکان و ئەندامان و لە پەیوەندی لەگەڵ دەسەلاتی جێبەجێکردنیشدا.

٥- پەرلەمان خول بۆ فراکسیۆنەکان و ئەندامان بکاتەوە بەمەبەستی شارەزابوونی زیاتر لە پێشکەشکردنی پرۆژە یاساو بڕیارەکان.

٦- پەرلەمان زیاتر چاودێری ئیش و کارەکانی حکومەت بکات.

٧- لیژنەکانی پەرلەمان بە ئەرکی خۆیان هەڵسن لە نوسینەوەی ڕاپۆرت لەسەر پرۆژەیاساکان لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا و کۆبوونەوەی زیاتر بکەن.

٨- سەرۆکایەتی پەرلەمان بەشی ڕاگەیاندن و بەتایبەت (سایتی پەرلەمان) ئەکتیڤ تر بکات و یاساو بڕیارەکانی پەرلەمانی لەسەر دابەزێنێت.

٩- پێویستە لەکاتی گفتوگۆی پرۆژەیاساکاندا وەزیرە پەیوەندیدارەکان ئامادە بن.

١٠- حزبەکانی کوردستان کە نوێنەریان لە پەرلەمان هەیە، پشتگیری لە پەرلەمان بکەن وەك دامەزراوەیەکی نیشتیمانی لەپێناو دارشتنی یاسای مۆدرێن و چاودێری دەسەلاتی جێبەجێکردن، نەك نادیدەی بگرن.

PAY INSTITUTE
For Education & Development

PAY INSTITUTE
For Education & Development

# ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان

## کورتەیەك لەسەر ئینستتیوت:

ئینستیتیوت لە ٢٠١٣/١١/٢٦ لە لایەن فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە تۆمارکراوە، (ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان) ئینستیتوتێکی زانستی کوردستانی، ناحکومی سەربەخۆی قازانج نەویستە، بەنیگایەکی گەش بینانە کاردەکات بۆ سودی گشتی لەپێناو فەرمانڕەوایەکی پێگەیشتوو لەهەموو بوار و ئاستەکاندا. ئینستتیوت مەبەستیەتی، لەرێگای توێژینەوەی زانستی و ستراتیژی، بەشدارییەکی درووست بکات بۆ باشترکردنی باری پەروەردەیی، یاسایی، تەندروستی، ئابووری، و سەرجەم بوارە جیاجیاکانی سیستەمی فەرمانڕەوایی لەهەرێمی کوردستان، تا هاوکارێکی راستەقینە و پردێك بێت بۆ بەستنەوەی کۆمەڵە مەدەنیەکان بەیەکتری بۆ هێنانە کایەی کۆمەڵێکی مەدەنی، ئاسودەی، بەختەوەر لە هەرێمی کوردستان.

## ئەو پرنسیپ و بەهایانەی ئینستتویت پێوە پابەندە برتییە لە:

١. پابەندبوون بە پەیماننامە و رێککەوتننامە نێودەوڵەتیەکانی تایبەت بە مافی و مرۆڤ .
٢. پابەندبوون بە دیموکراسی و رێزگرتن لە سەروەری یاسا.
٣. گەشەدان بەکاری خۆبەخشی و خێرخوازی لەپێناو بەرژەوەندی گشتی.
٤. پەیوەست بوون بە بێ لایەنی، شەفافیەت، سەربەخۆیی، و جیاوازی نەکردنی رەگەزی و دینی و نەتەوەیی.
٥. پاراستنی باڵانسی جێندەری، و پاراستنی تایبتمەندێتی و نهێنییە کەسییەکان.

## کورتەیەك لەسەر پرۆژەکانی ئینستیتیوت:

### ١- (پرۆژەی شەراکەتی نێوان رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و دەزگاکانی خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان):

ئەم پرۆژەیە بەهاوکاری رێکخراوە ناحکومیەکان جێبەجێکرا، هەولێك بوو بۆ پیادەکردنی بریاری ژمارەی (٥) ی ساڵی (٢٠١٣) ی پەرلەمانی کوردستان لەسەر (پەیمانی هاوبەشی و گشەپێدان لە نێوان دەسەڵاتە گشتییەکان و رێکخراوە ناحکومییەکان لە هەرێمی کوردستان) ئەم پرۆژەیە لە (٤ وۆرك شۆپ+ کۆبوونەوە لەگەڵ ئەنجومەنی سەرجەم زانکۆکانی هەرێمی کوردستان+ کۆنفرانسێکی ٢ رۆژە) پێکهاتبوو .

### ٢- (پرۆژەی چاودێریکردنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان):

ئەم پرۆژەیە سەبارەت بەماوەی چوارەمی پەرلەمانی کوردستانە، لەرێگای تیمێکی خۆبەخشەوە زانیاری و داتای پێویست کۆکراوەتەوە، راپۆرتی یەکەم لە (٢٠١٣/١١/٦ بۆ ٢٠١٤/١١/٦) ئەنجام دراوە، راپۆرتی دووەم و سێیەم ساڵی ٢٠١٥ بلاو کراوەتەوە.

### ٣- (ورك شۆپی دیاردەی وازهێنان لە خوێندن لەهەرێمی کوردستان :

ئەم پرۆژەیە وۆرك شۆپێکی هاوبەشی نێوان هەردوو رێکخراوی (هاوبەندی نێودەوڵەتی بۆ بەها مرۆڤایەتیەکان و ئینستیتیوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان) بوو لەسەر کەم کردنەوەی واز هێنان لەخوێندنی لەهەرێمی کوردستان کە لە رۆژانی (١٨- ١٩ /٢٠١٤/٦) لە هەولێر بە ئامادەبوونی (١٢٠) کەس لە نوێنەرانی پەرلەمان و وەزارەتە پەیوەندیدارەکان و رێکخراوەکان و دەزگاکانی راگەیاندن بەرێوەچوو.

### ٤- پرۆژەی چاودێریکردنی کارەکانی وەزارەتی پەروەردە :

ئەم پرۆژەیە بریتی بوو لەراپۆرتێکی (١٠١) خاڵی لەسەر کێشەکانی پەروەردە و خوێندن لەهەرێمی کوردستان و لەگەڵ دەستپێکی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێم ئاراستەی وەزیری پەروەردە کرا بە ئامادەبوونی (٦٠) مامۆستاو سەرپەرشتیار و پسپۆری پەروەردەیی، لە ئەنجامدا بریاردرا بە دواداچوون زیاتر بکرێت و دوای ساڵێك دانیشتن بکرێتەوە و راپۆرت نوێ لەوبارەیەوە پێشکەش بکرێت، ئێستا کار لەسەر راپۆرتی دووەم دەکەین.

### ٥- پرۆژەی چاودێریکردنی کارەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا :

ئەم پرۆژەیە بریتی بوو لە راپۆرتێکی (١٤٠) خاڵی لەسەر کێشەکانی خوێندنی باڵا لەهەرێمی کوردستان و لەگەڵا دەستپێکی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێم ئاراستەی وەزیری خوێندنی باڵا کرا بەئامادەبوونی (٨٠) مامۆستای زانکۆکان و نوێنەری رێکخراوەکان و دەزگاکانی راگەیاندن، لە ئەنجامدا بریاردرا بە دواداچوون زیاتر بکرێت و راپۆرتەکە بۆ سەرجەم زانکۆکان بنێردرێت بە مەبەستی بەدواداچوونی زیاتر ، ئێستا کار لەسەر راپۆرتی دووەم دەکەین.